# ڕەنگدانەوەی باوکسالاریی لە "داستانی سەیدەوان" دا

**کەیفی احمد عبد القادر[1]**

[1] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

هوەی ئێمە لێرەدا باسمان لێوە کردووە و کردومانە بە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان، بریتییە لە سیستەمی باوکسالاریی، کە یەکێکە لەو سیستەمە پەیڕەوکراوانەی نێو مێژوی کۆمەڵە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی، نکۆڵی لێناکرێت، کە کۆمەڵەکان بە شێوەی سیستەمی جودا جودا ژیاون و ژیانی خۆیان ڕێکخستووە، بەرنامەی بەڕێوەبردنیان بەپێی ئەو بیرو باوەڕ و سیستەمە داناوە و لەسەری ڕۆیشتون، لەنێو ئەدەبی کوردیشدا ئەو سیستەمە ڕەنگیداوەتەوە، بەتایبەتی لەنێو ئەدەبی فۆلکلۆریدا، جا لێرەدا، لێکۆڵینەوەکەمان بۆ سیستەمی باوکسالاریی نێو ڕوداوەکانی ئەو داستانە فۆلکلۆرییە تەرخانکردووە، لێرە دەمانەوێت چەند پرسیارێك بکەین، بۆ ئەوەی بیانکەین بە تەوەری سەرەکی لێکۆڵینەوەکەمان، بۆنمونە، ئایا سیستەمی باوکسالاری لەنێو ئەو داستانەدا هەیە؟ ئایا ئەندامانی خێزانی پاڵەوان هیچ دەسەڵات و مافێکی هەڵبژاردنی ژیانی خۆیان هەیە؟ ئایا ئەو سیستەمە بەتەنها لەسەر ڕەگەزی مێ پەیڕەو کراوە یان هەردوو ڕەگەزی گرتۆتەوە؟ ئایا دایك وەکو ئەندامێکی سەرەکیی هەر خێزانێك هیچ ڕۆڵی پێدراوە لەنێو ڕوداوەکانی ئەو داستانەدا؟ لەبەر ئەوەی ئەو سیستەمە وەکو دیکتاتۆرییەکی بچوککراوە وایە، ئایا پەیڕەوکردنی لەنێو خێزاندا سەر ناکێشێت بۆ نێو کۆمەڵ و پەیڕەو کردنی سیستەمی دکتاتۆری بەسەر کۆمەڵدا، ئەگەر کەسەکە دەستەڵاتی هەبوو؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە و چەند پرسێکی دیکەی وەکو کاریگەرییەکان و لێکەوتەکانی ئەو سیستەمە بەسەر تاك و خێزاندا چییە و لێکەوتە دەرونییەکانی بەسەر تاکی پیادەکەری سیستەمەکەدا چییە؟ بۆ ئەو مەبەستەش (داستانی سەیدەوان) مان بۆ لێکۆڵینەوەکەمان هەڵبژاردووە.

**کلیلە وشە:** باوکسالاری، داستانی سەیدەوان، ڕەنگدانەوە، کۆیە، ئەدەبی کوردی

## ١. پێشەکی

داستان یەکێکە لە ژانرە ئەدەبییەکان، کە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی لەنێو هەر نەتەوەیەکدا هەیە، بەهۆی ئەو مەیدانە فراوانەی کە داستان هەیەتی، دەتوانرێت باس لە چەندین ڕوداو و کارەساتی مێژوویی جودا جودا لەنێو نەتەوەی جودا جودادا بکرێت، کە هەریەکەیان لەلایەن نەتەوەیەك یان چەند نەتەوەیەکی جودا جودا گێڕدراونەتەوە و بڵاوبونەتەوە، داستانەکان یەکێکن لەو جۆرە ئەدەبییانەی کە هەوداری زۆریان هەیە، خەڵکێکی زۆر ئارەزویا دەکەن و گرنگیان پێدەدەن، بەهۆی ئەو کەسانەی کە ئەو بابەتانەیان گێڕاوەتەوە زۆر بابەت و بیری فەلسەفیی و ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی ئایینی و نەتەوەیی و نیشتیمانی و ڕەگەزپەرستی و دادپەروەریی و دکتاتۆریی و چەندین کێشە و بێنە و بردە و مشتومڕی دیکە لەنێو ڕۆشنبیر و نوسەر و فەیلەسوف و توێژەراندا وروژاندووە، کە هەر یەکێك لەو شتانە مایەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچونە، چونکە ئەو بابەت و کارەساتانە گوزارشت لە واقیعی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەکات و سەردەم و شوێن و ژینگەیەکی تایبەت دەکەن ، بە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەو بابەتانە، دەتوانین بە زۆر شتی شاراوە و نەزانراو لەنێو ئەو کۆمەڵگەیە لەو زەمەنە مێژوویەدا بگەین ، ئەوەی ئێمە لێرە دەمانەوێت باسی لێوە بکەین و بیکەینە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان، بریتییە لە سیستەمی باوکسالاریی، کە یەکێکە لەو سیستەمە پەیڕەوکراوانەی نێو مێژووی کۆمەڵە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی، هەرچەندە، کۆمەڵەکان بە شێوەی سیستەمی جودا جودا ژیاون و ژیانی خۆیان ڕێکخستووە، بەرنامەی بەڕێوەبردنیان بەپێی ئەو بیرو باوەڕ و سیستەمە داناوە و لەسەری ڕۆیشتون، جا لێرەدا، لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر سیستەمی باوکسالاریی نێو ڕوداوەکانی ئەو داستانەیە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە تاچەندە ئەو سیستەمە لەلایەن بەشدار و کەسێتییەکانی نێو ڕوداو وکارەساتەکانی ئەو داستانە پەیڕەو کراوە، لێکەوتە و ئاکامە خراپەکانی ئەو سیستەمە بەسەر ئەو کەسێتییانەدا چییە، بۆ ئەو مەبەستەش داستانێکمان هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەین، ئەویش داستانی (سەیدەوان)ە. کەواتە لێکۆڵینەوەکەمان سنوردارە و

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٣، ژمارە ٢ (٢٠٢٠)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٦ تەمووز ٢٠١٩؛ پەسەندکردن: ٢٦ کانوونی دووەم ٢٠١٩
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٣١ کانوونی یەکەم ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: kaify.ahmad@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٠ **کەیفی احمد عبد القادر**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp33-43

باس لە بیری باوکسالاریی لەنێو یەکێك لەداستانە فۆلکلۆرییە کوردییەکان دەکات، ئەویش داستانی (سەیدەوان)ە. ئامانجی لێکۆڵینەوەکەشمان بریتییە لە سەلماندن و خستنەڕوی ئەوەی، کە تاچەند بیری باوکسالاری و پیاوسالاریی، لەنێو ئەو داستانەدا ڕەنگیداوەتەوەو زاڵە بەسەر ڕۆڵ و پێگەی ژن، لە نێو داستانەکەدا. هەروەها لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بە ڕێبازی (وەسفی شیکاری) بەسراوە.

ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکەمان لە دووبەش پێکهاتووە، هەربەشەش بۆ چەند تەوەرێك دابەش بووە، بەمشێوەیە: بەشی یەکەم: بەناونیشانی (کۆمەڵگە و دەسەڵاتی پیاو) ە، کە لە چوار تەوەر پێکدێت: تەوەری یەکەم: چەمك و زاراوەو پێناس و مێژوی سەرهەڵدانی پیاوسالارییە. لە تەوەری دووەمدا: نەتەوەی کورد و دەسەڵات و مێژوی سەرهەڵدانی دەسەڵاتی پیاو و باوکسالاریی لەنێو کۆمەڵدا باسکراوە. لە تەوەری سێیەمیشدا: نەتەوەی کوردو دەسەڵات و ڕۆڵی ژن و دایك و لەنێو کۆمەڵدا خراوەتە ڕو. تەوەری چوارەمیش تەرخانکراوە بۆ خستنەڕوی بابەتی نەتەوەی کورد و دەسەڵاتی خوشك و برا. بەشی دووەم: باس لە ڕەنگدانەوەی باوکسالاریی لەنێو داستانی سەیدەواندا دەکات ، کە ئەویش لە چوار تەوەر پێکهاتووە بەمشێوەیە: تەوەری یەکەم: خستنەڕوی ڕوداو ناوەرۆکی داستانی سەیدەوان. تەوەری دووەم: ڕەنگدانەوەی دەسەلاَتی ڕەهای باوك لەنێو داستانی سەیدەواندا. تەوەری سێیەمیش باس لە پەراوێزخستنی ڕۆڵی دایك و حیساب نەکردن بۆ ژن لەنێو ڕوداوەکانی داستانی سەیدەواندا دەکات. تەوەری چوارەم و کۆتایش تەرخانکراوە بۆ فەرامۆش کردنی ڕۆڵی کوڕ و لێکەوتەو کاردانەوەکانی. لەکۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەمیانی لێکۆڵینەوەکەماندا پێی گەیشتوین خراونەتەڕوو، هەروەها ئاماژە بەو سەرچاوانەش کراوە، کە لە لێکۆڵینەوەکەماندا سودمان لێوەرگرتون.

## ٢. کۆمەڵگە و دەسەڵاتی پیاو

### ١.٢ چەمك و زاراوەو پێناس و مێژوی سەرهەڵدانی پیاوسالاریی

زاراوەی پیاوسالاریی لەدوو بەش پێکهاتووە بەشی یەکەم (پیاو) بەواتای ڕەگەزی نێر دەگەیەنێت، واتە مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی لە دوو بەش پێکدێت، ئەو دوو بەشەش نێر و مێیە، چونکە هەر لەو کاتەوەی کە خودای گەورە مرۆڤی دروستکردووە، سەرەتا نێر (ئادەم)ی دروستکردووە، پاشان لە خودی ئەو بەشە کە نێرە، بەشەکەی دیکەی دروستکردووە، کە مێ (حەوا)یە، هەروها خوای گەورە دەفەرموێت **" وَأَنَّهُ خَلَقَ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَى"** (النجم، ٤٥)، هەرچەندە لەنێوان ئەو دوو بەشە بەشی سێیەمیش هەیە، کە سیفەتی هەردوو بەشەکەی هەڵگرتووە، سەر بە هیچیشیان نییە، کە ناوێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە پێی دەڵێن (نێرەموك)، واتە هەم نێرە و هەم مێ، بۆیە ناوەکەشی لە کۆکراوەی وشەکانی هەردوو ڕەگەز پێکهاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەچاوێکی باش و جوان سەیریان ناکرێت، (کە ئەوەش هەڵە و غەدرێکی گەورەیە بەرامبەر ئەو ڕەگەزە دەکرێت، چونکە پێویستە ڕێزیان لێ بگیرێت و مافەکانیان پارێزراو بن، خۆی ئەوە هەڵبژێرێت، کە بەو شێوەیە بمێنێتەوە یان بچێتە سەر کامە بەشیان بە ئارەزو و حەزی خۆی، کە کامە لایەنی تێدا زاڵە واباش و شەرعییە خۆی بەو بەشە بناسێنێ و دابنێ و هەموو مافەکانی ئەوانیشی پی ڕەوا ببینرێت)، هەر بۆیەشە بەشێوەیەکی فەرمی و ئاشکرا ڕانەگەیەنراوە لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاَتییدا.

بەشی دووەم (سالاریی)بە واتای باڵادەستی،دەسەڵات و حوکم و فەرمانڕەوایی دێت، یان سەردەستەیی و سەروەریی ئەو ڕەگەزە دەگەیەنێت، لەوبارەوە (ابن المنظور) دەڵێت: **"لە زمانی عەرەبیدا بە واتای پارێزگاریی و چاکەسازیی دێت، بەواتای وەستان و خۆراگریی و عەزیمەت دێت "** (الرباتي، ٢٠٠٩، ٣٥٠)، واتای هەر دوو وشە بەسەریەکەوە بەواتای دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ڕەگەزی نێر یان پیاو و باڵادەستی دەسەلاتەکەی دێت .

دیارە ئەو وشە و زاراوەیەش بەچەندین شێوە و شێواز و لەڕوانگەی جودا جوداوە پێناسە کراوە، بۆ پێناسەکردنی ئەو وشەیە دەڵێین، پیاوسالاریی بریتییە لە حوکمڕانی و فەرمانڕەوایەتی ڕەگەزی نێر بەسەر خێزان و کۆمەڵگە و وڵاتدا، لەڕوانگەی حەز و ئارەزو و خواست و بەرژەوەندی و تایبەتمەندیی خۆی، واتە ڕەگەزی نێر بڕیار دەردەکات و جێبەجێیان دەکات، هەروەها لە ڕوانگەی بەرژەوندی چینێکی تایبەتەوە سیستەم و بەرنامە بۆ هەمو ناوەند و بوارەکانی ژیان بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ تایبەتمەندییەکی ڕەگەزی مێ دادەڕێژێت ، هیچ گوێ بە لاریبوون و ناڕەزاییەکانی ئەو ڕەگەزە نادات، بەڵکو ئەگەر ببینێت سەربزێوی و ناڕەزایی دەردەبڕن، بە زەبری هێز بەرەنگارییان دەبێتەوە و ئەو ناڕەزاییە سەرکوت دەکات، بۆیە ئەو سیستەمە زیاتر جیاوازیی و بەریەکەوتن و دوبەرەکی لەنێوان ئەو دوو ڕەگەزە و کۆمەڵدا دروست دەکات. دیارە لەبەرامبەر ئەو زاراوەیەدا زاراوەی هاوشێوە و دژ بەرچاو دەکەون، بۆ نمونە زاراوەی باوکسالاریی، کوڕسالاریی نێر سالاریی، کە هەموویان هەر گوزارشتە لەو دەسەلاتەی کە پیاو (نێر) پیادەی دەکات، هەتا ئەو کۆمەڵگەیەش تایبەتمەندیی و سیمای ئەو وەردەگرێت بۆ نمونە **"کۆمەڵگەی باوك سالاری ئەو کۆمەڵگەیە یە کە ڕەگگەزەکان بە نایەکسانی مومارسەی ژیان دەکەن. پیاو خاوەنی دەسەڵاتی خێزانی و سەرمایەی ڕەمزی و بڕیاردەرن بەسەر چارەنوسی ژناندا. ئەمەش وای کردووە کە ژنان لە دۆخێکی زۆر نایەکسان و ناعەدالەتدا خۆیان بەرامبەر پیاوان دەبینن"**(ڕەئوف، ٢٠٠٧، ١١)، بەڵام لە بەرامبەر و دژی ئەوانە زاراوەی، دایك سالاریی، ژنسالاریی، کچسالاریی هەیە، کە تەواو پێچەوانەی ئەوانەی پێشووە و مەبەست لێی ئەوەیە، کە حوکم و فەرمانڕەوایەتی ژن (مێ) بەسەر خێزان و کۆمەڵ و وڵاتدا دەگەیەنێت. کە لەسەردەم و شوێنی جوداوە ئاڵو گۆڕ بەو دوو شێوازەی حوکمڕانی کراوە، هەردوو شێوەی دەسەڵات لە ململانێدان بۆ ئەوەی بەسەر یەکتریدا زاڵبن و دەسەڵات لە یەکتری وەر بگرن، بەڵام باشترین چارەسەر ئەوەیە، کە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بنیاتبنرێت و هیچ کام لەو سیستەمانە بە ڕەهایی زاڵ نەبێت، بەڵکو بەشێوەیەکی سازان و ڕێککەوتن، لە بەرژەوەندی هەر دوو ڕەگەز جۆرێکی دادپەروەرانە لە دەسەڵات پیادە بکرێت.

جا هەر لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ بووەتە خاوەنی خێزان و ژیانی بەشێوەی پێکەوەیی پێکەوەناوە، لەو کاتەدا بەرپرسیارییەتییەکانی ئەو خێزانەشی دابەشکردووە لەنێوان دایك و باوك و ڕۆڵەکانیاندا، هەروەها بەپێی ڕەگەزیش دەسەڵاتەکان دابەش بووە و زیاتر ڕەگەزی نێر (پیاو) دەستی بەسەر زۆربەی دەسەڵات و بەرپرسیارییەتەکاندا گرتووە، کەواتە **" لەو ساوەی کە خودا مرۆڤی دروستکردووە وەك بونەوەرێکی زیندوو، و ژێر لەدوو شێوە و فۆرمدا یان لە دوو ڕەگەزی جیادا، بۆ ئەوەی ئەو دوو ڕەگەزە بە یەکەوە بتوانن پەرە بە ژیانی خۆیان و دەرەوەی خۆیان بدەن، ئەم دوو ڕەگەزە تەواوکەری یەکترن و هیچیان بە بێ ئەوەی تر ناتوانێ بەردەوامی بە ژیان بدات و داهێنان و پێشکەوتن لەسەر ڕوی گۆی زەوی بەدەست بێنێت"** (ئەحمەد، ٢٠١٣، ٣١) ، هەرچەندە لە زۆر کات و سەردەم و شوێنەکاندا ئەو دەسەڵاتانەی

بەشێوەیەکی نەریتی بەکارهێنراوە و ڕەگەز یان چینی مێینە (ژنان) یان چەوساندۆتەوە و بەپێی بەرژەوەندی و سودی خۆی بەکاریهێناوە، دیارە ئەو جۆرە دەسەڵاتەی پیاوسالاریی و شێوازی بەکارهێنانی بەپێی شوێن و نەتەوە وکلتورەکان دەگۆڕێت و لە هەندێ جێگا و لەنێو هەندێ نەتەوە و بەپێی هەندێ کلتور ئەو دەسەڵاتە بەشێوەیەکی زاڵمانە و دواکەوتوانە بەرجەستە بووە، چونکە **"بەپێی سەردەم و شوێنە جیاوازەکان ڕۆڵ و پێگەی یەکێک لەو دوو ڕەگەزە فەرامۆش کراوە و غەدری لێکراوە لە لایەن لایەنەکەی ترەوە چەوسێنراوەتە و بواری ئەوەی پێنەدراوە کە هەوڵ و وزە و توانای خۆی بخاتە کار و وەك پێویست ئەرکی سەرشانی خۆی بەرامبەر کۆمەڵگەو ڕەگەزی بەرامبەری جێبەجێبکات، هەر بۆیەش نەی توانیوە وەك پێویست مێژوی خۆی بەدیار بخات"** (ئەحمەد، ٢٠١٣، ٣١)، بەڵام لە هەندێ کات و سەردەم و نەتەوەی دیکەدا ئەوە شێوەیەکی دی بووە و بەهەمان چەشن نەبووە، کەچی لای ئەوان ڕێژەکە کەمتر دەبێتەوە، تا لای هەندێکی دیکە دەبێتە سفر و نامێنێ و هەر دوو ڕەگەز بەشێوەیەکی یەکسان ژیان دەکەن و بەبێ کێشە و پێکەوە کاروبار و بەرپرسیارییەتیەکان بە دادپەروەرانە دابەشبووە و ئەنجامدەدەن، هەرچەندە بەلای زۆر لە شارەزایانی کۆمەڵناسی لە هەندێ کات و سەردەم و شوێندا ژنان خاوەنی دەسەڵاتی زیاتر و بڕیاری زیاتر لە پیاوان بوونە، سەردەمانێك هەبووە بەناوی ژنسالاریی، واتە ژن خاوەنی بڕیار و کەسی یەکەم بووە لەنێو خێزان و کۆمەڵگەدا، هەروەك (ئینگڵس) لە کتێبی (بنەچەی خانەوادە و موڵکایەتیی تایبەتی و دەوڵەت) دا دەڵێت **"لە چەرخی بەردین دەسەڵات لەدەست ژندا بووە، ژن چەند پیاوێکی هێناوە و منداڵەکان بە ناوی دایکیانەوە بانگ کراون، تەنانەت بیرۆکەی دۆزینەوەی کشتوکاڵیش بۆ بیر تیژی ژن دەگەڕێتەوە"** (شەورۆ، ٢٠١٥، ٩)، بەڵام تاکۆتایی و ماوەیەکی درێژ نەیان توانیوە ئەو دەسەڵاتانە بپارێزن و لەدەستیانداوە، نەتەوە و کۆمەڵگەی کوردەوارییش لەو جۆرە دابەشکردنی دەسەڵاتەی هەر دوو چینی (نێر و مێ) واتە ژنان و پیاوان بێ بەش نەبووە، کە ئەویش بە پێی کات و سەردەم گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە، هەروەها بەپێی ژینگەی نیشتەجێبونی واتە شار و لادێ دەگۆڕێت، کە لە هەندێ سەردەمدا ژنانی لادێ زۆرتر ئازاد بوونە لە ژنانی شارەکان، بەڵام لە هەندێ سەردەم و کاتی دیکەدا پێچەوانە دەبێتەوە.

## ٢.٢ کورد و مێژوو سەرهەڵدان دەسەڵاتی پیاو و باوکسالاریی

نەتەوەی کورد وەکو هەر نەتەوەیەکی دیکەی خاوەن مێژوو، خاوەنی کۆمەڵێك خاسیەت و تایبەتمەندیی تایبەتی خۆیەتی، لەڕوی کۆمەڵایەتی و ئابوری و حوکمداریی و ئایدیۆلۆژی و بیروباوەڕی ئایینی و ڕێکخستنی کاروبار و دابەشکردنی لەنێو کۆمەڵ و تێڕوانینی بۆ هەر دوو ڕەگەزی مرۆڤ، بەپێی داب و نەریت و تایبەتی خۆی یان بە چاولێکەریی و لاسایکردنەوەی دەرودراوسێیەوە، یاسا و سیستەم و شێوازەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی ڕێکخستووە و بەڕێوەبردووە، بۆنمونە **" ژن کوشتن و بە کۆیلە کردنی نەریتێکی هاوردەی بیروباوەڕێکی سەپێنراوی بەدەر لە ڕەوشتی کوردەوارییە "** (شەورۆ ، ٢٠١٥، ١٥). هەروەها تێڕوانین و بۆچونی تایبەتی خۆشی هەبووە بۆ خێزان و شێوازی بەڕێوەچونی، هەروەها هەموو پێکهاتەکانی ئەو خێزان و کۆمەڵە، وەکو (باوك، دایك، کوڕ، کچ، بوك، باپیرە، داپیرە و...تاد) یان بەجۆرێکی دیکە (پیاو و ژن، کوڕ، کچ)، جائەگەر بەشێوەیەکی خێرا و سەرپێیی ئاوڕ لە مێژوی ئەو نەتەوەیە بدەینەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە پیاو (باوك) هەر لە سەردەمانی زووەوە دەسەڵاتێکی ڕەهای لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە، لە ژێر ناوی ئایین و کلتورو دابونەریت بەکاریهێناوە، باوك لەنێو کۆمەڵگەدا بەتایبەتیش کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بەسەرۆك یاخود گەورەی خێزان دادەنرێت، بەجۆرێك لە جۆرەکان تەواوی ئەرك و ماف و ژیان و ئازادی لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بووە، هەمومان باش ئەوە دەزانین باوك باوانی نێری مرۆڤە، دروستکەر و هەڵسوڕێنەری خێزانە، کە کۆمەڵێك مافی بەسەر خێزانەوە هەیە، هەر لە پەیداکردنی بژێوی ژیان خۆشگوزەرانی بۆ خێزان، چەندین ماف و ئەرکی دیکە لە ئەستۆ دەگرێت، هەر لەنێو کۆمەڵی کوردەوارییدا لەسەردەمانێکدا بەچاوێکی کەم و سوك سەیری ئەو پیاوانە کراوە، کە ێزیان لە ژنان نابێت و پرس و ڕا و تەگبیری بە ژنەکەی یان دایکی کردبێت، هەروەها بەهەمان شێوە ناو ناتۆرەیان بەدوای ئەوانە و ئەوانەی هاوکاری ژنەکە و ڕەگەزی مێی کردووە داوە، هەر لەو ڕوانگەیەوە **"ئەگەر بێت و سەیری سەردەمی پێش ئێستا بکەین واتا ساڵانێکی زۆر بەر لە ئێستا کاتێك پیاو ئیش و کاری نەبوو بێت، ئەوا لەبری ئەوەی چوبێتەوە بۆ ماڵەوە، ڕوی کردۆتە دیوەخانی ئاغاو کوێخا، تادرەنگانی شەو لەوێ کاتی بەسەر بردووە، ئەگەر نا نازناوی ئۆمەر، خدر، ژنانیان بەسەر دا بڕاوە، بۆنمونە، دەڵێن کاتی خۆی ئاغایەك پیاوەکانی گوندی کۆدەکاتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت کامیان زۆر توند و پیاوانەیە، یا کامیان نەرم و ژنانەیە (بەپێی بیرو بۆ چونی کۆمەڵگە) ئاغا دەڵێتە پیاوەکانی کێ وەکو من ئازاو بەجەرگە، با بێتە لای من دابنیشێت، کێ لە ژنەکەی دەترسێت و ترسنۆکە بابچێتە ڕیزی بەرامبەرم، کاتێك پیاوەکانی گوند بڕیاری خۆیان دەدەن و هەریەکەیان دەچنە ڕیزێك لەو ناوەدا پیاوێك دەمێنێتەوە ناوی (خدرە) ئاغا دەڵێت ها (خدر) بۆ لایەنێك هەڵنابژێری و بڕیارێك نادەی، کابرای ناو (خدر) یش دەڵێت، ئاغام خۆش بێت بڵێم چی باچم پرسێك بە (فاتێ)ی خێزانم بکەم و بزانم ئەوکام لا هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەی بڕیاربدەم"** (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٢، ٢٠-٢١)، لەدوای ئەو ڕوداوە هەر کەسێك ڕێزی لە ژنەکەی یان دایکی گرتبێت و هیچ کارێکی نەکردبێت تا ڕای ئەویشی نەزانیبێت، ئەوە لەنێو کۆمەڵا بەچاوی ئەو (خدرە) سەیریان کردووە پێیان گوتووە (خدر) یان (ئۆمەر)، کە مەبەست لێی ئەو کەسە ژنانەیە، یان لەژنەکەی دەترسێت، نەك حیسابی ئەوەی بۆ بکەن، کە ئەو کەسە ڕێز لە ژنەکەی دەگرێت. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە کۆمەڵگە ڕۆڵی سەرەکی لە دروست بونی دەسەڵاتی ڕەهای پیاو و (پیاوسالاریی) دا دەبینێت ، ئەوەش لەژێر حوکمی کۆمەڵێك دابونەریتی کۆمەڵایەتی ڕێکیدەخات و بۆی دەگەڕێتەوە، کە سالاریی بۆ پیاو دروستدەکات، هەروەك دەبینین داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان لە گوند و دێهاتەکان لە دیوەخانی ئاغاکان، زیاتر هاندەر و سەرچاوەی ئەو بیرە بووە و پاڵپشتی لێ کردووە، چونکە مانەوە و هێز و بەردەوامی لەو شێوازیی حوکمڕانییە وەرگرتووە، کە دەتوانین بڵێین لەسەردەمی ئێستادا تاڕادەیەکی باش ئەو دیاردە و نەریتە ناشیرینە کەم بۆتەوە و ڕوی لە نەمانە، بەجۆرێك دەتوانین بڵێین، هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەرامبەرن لە ئەرك و مافدا، ئەمەش لە ئەنجامی پێشکەوتنەکان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیا و کۆمەڵێك پەرتوکی بەسودەوە تاك هۆشیار بۆتەوە، کە ئەمانە هەمویان کاریگەریی خۆیان لەسەر هۆشیار بونەوەو ڕۆشنبیریی هەردوو ڕەگەز هەبووە ، چونکە لە ئێستادا **"ژنان سەردەست و پیاوان ژێر دەست، ژنان فەرماندەن و پیاوان فەرمانبەر و فەرمان بەجێهێنەرن، ژنان شۆفێر و پیاوان نەفەر، ژنان یاریزان و پیاوان تۆپی مەیدانن"** (ڕەسول، ٢٠٠٦ ، ١٦٧)، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ژنان (تەکانێك) بەرەو پێشەوە چونە و لەو چەقبەستویەی ڕۆژگارانی ڕابردو ڕزگارییان بووە، دەزگا و دائیرە و کۆمپانیا و کارگە و بازاڕ و زانکۆ، کاروباری سیاسی و حکومی جمەیان دێت لە ڕەگەزی مێ و ژنان ئەوەش مافی تەواوی خۆیەتی، چونکە

**"ئافرەت ئەو کەسە خاوەن هەست و سۆز و خاوەن مافەیە، کە خوای گەورە ئەم سیفەتانەی پێ بەخشیوە و لەسەر پیاوی کردووە، ڕێزی هەست و سۆزی بگرێت و کەسایەتییەکەی بپارێزێت"** (الاستانبولی، ٢٠١١، ٢١٠)، کەواتە ئەوە خەڵکی و دەسەڵاتی مرۆڤە کە زوڵم لە ژن دەکات، نەك شتێکی ئایینی و شەرعی هەر بۆیە لەسەر حکومەت پێویستە **"بایەخ بەمەسەلەی ئازادی ئافرەت بدات، بۆیە لەسەر ئەرزی واقعدا لێکۆڵینەوەی مەیدانی بکات و بەجۆرێکی تر و دور لە هەڵوێستی سیاسیانە بەژداری لە ساغ کردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دا بکات"** (قادر، ٢٠٠٢، ٩٤)، کەواتە ئەمە ئەرکی حکومەتە، تاك هۆشیار بکاتەوە، کۆمەڵگە لە کلتوری باوکسالاریی ڕزگار بکات، لە ڕێگەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی یاخود لە ڕێگەی پەروەردە و ناوەندەکانی خوێندندا، هەروەها دانانی یاسایەکی گشتگیر بۆ ئەو کەسانەی کە سالاریی خۆیان دەسەپێنن بەسەر کۆمەڵگەدا یاخود خێزان .

## ٣.٢ نەتەوەی کورد و دەسەڵات و ڕۆڵی ژن و دایك لەنێو کۆمەڵدا

ئەگەر بێت و قسە لەسەر ڕەوتی واقعی ژن بکەین، ئەوا بۆمان دەر دەکەوێت، کە ژن **"لە بەرەبەیانی دروستبونییەوە، نادادپەروەری نایەکسانی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیمان، بەرامبەر ئەوان نیشان دەدا"** (شەورۆ، ٢٠١٥، ١١). لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر بەدرێژایی مێژوو باس لە ڕۆڵ و پێگەی ژن و دایك بکەین، لەنێو کۆمەڵگەدا، باس لە کێشەو گیروگرفتەکانیان بکەین، هەروەها ڕۆڵی پەراوێز خراوییان لەنێو کۆمەڵگەی جیهانی و کۆمەڵگەی کوردیشدا شەن و کەو بکەین، ئەوا زۆر ناعەدالەتی و زۆرداریی بەرامبەریان بەرچاو دەکەوێت. ئەگەر چاوێك بە مێژوی گەلانی جیهاندا بخشێنین، ئەوا زۆر گرنگە پێگەی ژن دەستنیشان بکەین، لە زۆر ڕووەوە باس لە کێشە و ئازار و لەهەمان کاندا ماف و ئەرکی ژن بکەین، ئەوا پێویستە بەپێی قۆناغ و سەردەمەکان ئەو کێشە و گرفتانە لە یەکتری جودا بکەینەوە، بۆیە سەرەتا دەگەڕێینەوە بۆ وڵاتی نێوان دوو ڕوبارەکە (وادی الرافدین)، کەچەندین دەسەڵاتی یەك لەدوای یەکی بەهێز و دیاری تێدا هاتۆتە کایەوە و هەریەکەیان خاوەنی شارستانیەتێکی دیار و بەنێوبانگ بونە ، کە زۆربەیان پاشماوەکانیان تاکو ئێستا ماوە، یەکێك لەو دەسەڵات و شارستانییە بەهێزانە (بابلییەکان) بونە، کە گەورەترین و بەناوبانگترین سەرکردەیان (حەمورابی) بووە، کە خاوەنی یاسای دانراو هێنانە ئاراو دۆزینەوەی پیت و خوێندن و خوێندەواریی و چەندین داهێنانی گەورەیە، دیارە لەو سەردەمدا باوکسالاریی بەشێوەیەکی ڕەها پیادەکراوە، تا ئاستی بەندایەتیکردنی ئەندامانی خێزان بۆ باوك یان گەورەی خێزان، لەکاتی ژن و ژنخوازیدا گرێبەستێك لەنێوان هاوسەرەکاندا دەنوسرا، کە ئەرك و مافی هەردوولایان تێدا دیاریدەکرد، کەنیزە بەچاوێکی زۆر کەم سەیرکراوە و خاوەنی هیچ مافێك نەبووە، هەروەها ئەگەر ژنێك کاری ناشەرعی و دەستی تێکەڵاو کردبا لەگەڵ کەسانێکی دیکە، ئەوا هەر بەزندویی فرێدەدرا نێو ڕوبار و دەخنکێنرا، ئەگەر مێردەکەشی لێی بوردبایە، ئەوا پلەکەی بۆ کنیزە دادەبەزیی و ئەو کانەش هیچ مافێکی نەدەما. (ئیمام، ٢٠٠٩، ب ١، ٣٩-٤١). دوای ئەوە دێنە سەر وڵاتی یۆنان، لەبەرئەوەی ئەو وڵاتە لەڕوی شارستانییەت و زانست و فەلسەفە و ئەدەب و هونەرو مافە جیاجیاکانی مرۆڤ بەگشتی پێشکەوتنی بەرچاو و پێشوەختەی بەخۆوە بینیوە، هەروەها سەرچاوەی زۆر لە بوارەکان بۆ ئەو وڵاتە دەگەڕێنەوە، ئەوەی نکوڵی لێناکرێت ئەوەیە، کە کۆمەڵگەی یۆنانی کۆمەڵگەیەکی ڕۆژئاواییە، هەروەها وڵاتی (یۆنان)یش وڵاتێکی ڕۆژئاواییە، لە ئێستادا ئەو وڵاتە و کۆمەڵگەیە پێشکەوتوو و هۆشیار و ڕۆشنبیرە و مافی ژنی دابین کردووە، وەك هەر وڵاتێکی دیکەی ڕۆژئاوایی (ئەوروپا)یی، بەڵام لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی کۆن و ئەمرۆیدا، ئایا لە سەردەمانی کۆن و ڕابردوشدا بەهەمان شێوە بووە، تێڕوانینی بۆ ژن بەو جۆرە بووە؟ ، بێگومان وەڵامی پرسیارەکەمان نەخێرە، کە لە کۆندا بەپێی پێویست وەکو ئێستا نەتوانراوە تەواوی مافەکانی ژن دیاری بکرێت و دان بە مافەکانیاندا بنرێت، چونکە لە سەرەتادا ئەوانیش دژی ژن بون، وەك پێویست نەتوانراوە داکۆکی لە بون و ژیانی ژن بکرێت، چونکە **"ژنان و کۆیلەکان، لەنێو کۆمەڵگەی یۆنانیدا گرنگترین ئەو توێژانە بون کە خرابونە نێو هەندێك کەرتی تایبەتەوە، چونکە شوێنەکانی گوتاری سیاسی گشتی تەنیا بۆ ئەو کەسانە بوو هاموشۆی بکەن کە هاوڵاتی بون و پیاویش بون، بۆیە نەدەکرا ژنان و کۆیلەکان بچنە ناویەوەو ڕویان تێبکەن"** (ئیمام، ٢٠٠٨، ١٥) وەکو گوتمان لەو وڵاتەدا چەندین فەیلەسوف و ئەدیب و نوسەری بەناوبانگی تێدا هەڵکەوتووە، دیارە گەڕانەوە بۆ تێڕوانین و بۆچونی ئەو کەسایەتییانە، تا ئاستێك ڕەنگدانەوەی بیری ئەو کۆمەڵگەیەمان بۆ بەدیار دەخات، بۆیە یەکێك لە فەیلەسوفە هەرە ناودارەکانی ئەو وڵاتە دەکەینە نمونە، کە ئەویش فەیلەسوفی ناودار (ئەفلاتون)ە. کاتێك چاو بە مێژووی ئەو فەیلەسوفەدا دەخشێنین و بەرهەمەکانی دەوردەکەینەوە بۆمان بەدیار دەکەوێت، کە چۆن دژی مافەکانی ژن وەستاوە، چونکە ئەو فەیلەسوفە لەڕوی بیرو باوەڕوە **" نەیتوانیوە لەنێو میراتی کلتوری یۆنانی دەرباز بێت و لەناخەوە دژایەتی زۆری ژنی کردوە بۆیە هەرگیز ڕاست نییە، کە دەگوترێت گوایە یەکەم کەس بوە بانگەشەیی ئازادی ژنی کردووە، ئافرەت لەنێو ئەم یاسایانەی ئەفلاتون دا بە(قاسر) دادەنرێت، بۆی نییە میرات وەربگرێت، دەبێت بەدوای پیاوێك دا بگەڕێت بۆ ئەوەی میراتەکەی باوکی پێبدرێت، هەروەها بۆی نییە بە ئارەزوی خۆی و بەهەڵبژاردنی خۆی شو بە کەسێك بکات"** (ئیمام، ٢٠٠٨، ١٠-١١). کەواتە ئەمە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، کە ئەم فەیلەسوفە پشگیریی ژنی نەکردووە و وەکو مرۆڤێکی ئاسایی نەیبینیوە، بەڵکو دژایەتی ژنی کردووە و مافەکانی لێ زەوت کردووە، هەر لە مافی میرات و هەڵبژاردنی هاوسەر و چەندین مافی دیکە، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا مافێکی سەرەتایی و ئاسایی و یاسایی ژنە، هەڵبژاردنی جۆر و شێوازی ژیانی هەر کەس و تاکێك پەیوەستە بە خودی ئەو مەخلوقە خۆیەوە هەیە، نەك کەسانی دیکە بۆی دیاری بکەن و بڕیاری لە بارەوە بدەن.

کۆمەڵگەیەکی دیکەی خاوەن شارستانییەت و پێگە لە مێژوی کۆنی مرۆڤایەتیدا بریتییە لە وڵاتی میسری کۆن، واتە دۆڵی نیل و وڵاتی فیرعۆنەکان، جا ئەگەر بێینە سەر باسکردنی کۆمەڵگەی میسری ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە لەو وڵاتەشدا و لەنێو داب و نەریتی ئەو کۆمەڵگەیەشدا **" لە زووەوە ژن چەوساوەتەوە، بەسوك و ڕیسوایی تەماشای ژنیان کردووە، بەدروستکراوێکی پیس و چەپەڵ لەقەڵەم دراوە"** (عبدولمەقسود، ٢٠١١، ١٦). هەروەها ژن لە کۆمەڵگەی عەرەبییدا لە کۆنەوە لەگەڵ لەدایك بونیدا زیندە بەچاڵ دەکرا، مافی ژیانی نەبووە، پێیان وابووە ژن ئافات و نەهامەتیی و دەردەسەریی و تاریکی بۆ هۆزەکانیان دەهێنێت، توێژەر و کۆمەڵناسەکان سەبارەت بە هۆکارەکانی زیندە بەچاڵکردنی ژن لای هۆزەکانی عەرەب پێیان وایە، کە بەهۆی **" ژینگەو باری دارایی عەرەب، بە پیتیی زەوی و زار یان نەبونی مەڕومالات، گوازە گوازی زۆر لەپێناو خۆراك و دەستەبەرکردنی ئەم ژیانە سەخت و دژوارەدا بەدەستیەوە گیرۆدەبون، هەموو ئەو هۆکارانە، هۆزوتیرەکانی عەرەبی ناچار کرد دوای لەدایك بونی کچ و ژن ڕاستەوخۆ زیندە بە چاڵ بکرێت"** (عەبدولمەقسود، ٢٠١١، ٧٢-٧٣). کەواتە ئەوەی لێرەدا تێبینی مێژو و ڕۆڵ و پێگەی ژن و خوێندنەوەو ڕەوڕەوەی مێژوی ژن بکات، ئەوا بۆی دەردەکەوێت، کە ژن خۆی لەخۆیدا تراژیدیایە، مێژو غەدری لێکردووە، شەڕ لەسەر ژن کراوە، ژن ڕفێنراوە، ژن

کوژراوە، لە هەموو مافێکی یاسایی و شەرعی بەدرێژایی مێژو بێبەش کراوە.

دوای گوزەر کردن بەنێو ئەو کورتە مێژووەی ژن لەو وڵاتانەدا، دێینە سەر باسکردن و خستنەڕوی کورتەیەکی لە ڕۆڵ و پێگەی ژن لەنێو کۆمەڵی کوردەوارییدا، ئەگەر باسی ژنی کوردیش بکەین و ڕۆڵ و پێگەی ژن لەنێو ئەم کۆمەڵگە (ڕۆژهەڵات)ییەدا دیاری بکەین، ئەوا بۆمان بەدیار دەکەوێت، کە کۆمەڵی کوردەواریش بەدەر نییە لە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتیی و دەرودراوسێیەوە، چونکە ئەوانیش ماف و پێگەی ژنیان وەکو ئەوەی پێویستە نەبینیوە و دیاری نەکردووە، بەڵکو ژیانیان لێ کردووە بە دۆزەخ و ڕوبەڕوی چەندین کێشەو دەردەسەرییان کردۆتەوە، بەهۆی ئەو مافەی بەخۆیان داوە و لە ژنیان قەدەغە کردووە و پێیان ڕەوا نەبینیوە، ئەویش دەسەڵاتی پاوسالارییە، کەواتە **"زیندانی پیاوسالاریی و دەسەڵاتی ڕەهای پیاو لەنێو کۆمەڵی کوردەواریشدا دەبێتە زیندانێکی دیکە بۆ ژیانی ڕەگەزی مێ و هەموو ماف و بڕیارێکی لێ زەوت دەکات و دەیکاتە کۆیلەیەکی گوێلەمست و جێبەجێکاری هەموو بڕیارەکانی، بەبێ ئەوەی پرسیار بکات و بڵێ بۆ؟ "** (ئەحمەد، ٢٠١٧، ١٤٢)، هەرچەندە هەموو کات و سەردەمەکان وەکو یەك نین، هەروەها خودی ژنەکانیش چونیەك نین، ناتوانین هەموویان بخەینە تای یەك تەرازو و بەیەکەوە هەڵیانسەنگێنین، چونکە بە ئاوڕدانەوەمان لەو ژنە مەزنانەی لە ڕابردودا کاری دەگمەن و دانسقەیان بە ئەنجام گەیاندووە، مێژوەکی ئێجگار زێڕین و بەنرخ و بەهایان بۆ خۆیان نەخشاندووە، هاوشانی پیاوان خزمەتیان کردووە، بۆیە بە چاوگێڕان بەنێو مێژوی ڕابردوی ژنانی کورددا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە **" شتێکی حەتمی و موتلەق نییە و ناتوانین بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بیگشتێنین بەسەر گشتیاندا لە هەموو کات و شوێن و سەردەمێکدا، چونکە خەڵکانی وا هەڵکەوتون و تەحەدای مەحاڵیان کردووە و بەگژ مەحاڵدا چونەتەوە و ئەوەی ئەوان کردویانە لەوانەیە ئەگەر زیاتر نەبێت لە بەرامبەرەکەی ئەوا هیچی کەمتر نییە، لە گشت بوارە جیاوازەکانی ژیاندا. یەکێك لەو بوارانەش بواری خۆشەویستی نیشتمان و نیشتمان پارێزییە، کە مرۆڤ هەر لەسەرەتای ژیانییەوە ئینتیما و خۆشەویستی هەبووە بۆ شوێن و جێگەو مەڵبەندی ژیانی، یاخود نیشتیمانەکەی، لەو پێناوەدا خەباتی کردووە و ماندو بووە هەتا دەگاتە لوتکەی بەخشین و وەفاداری، کە ئەویش گیانبەخشییە لەو پێناوەدا. واتە شەهید بون لە ڕێگەی خاك و نیشتمان، بۆ ئەوەی لە دەستی ناحەز و ستەمکار و داگیرکاران بیپارێزێت و، داهاتووی خاك و نەتەوەکەی بە ئازادی و سەرفرازی ببینێت، و ڕەوڕەوەی ژیان لەو مەڵبەندە بە ئاسودەیی بەردەوامبێت"** (ئەحمەد، ٢٠١٣، ٣١)، کەواتە ژنان بە بیری نیشتیمانیی و نەتەوەیی و کوردایەتی، لەزۆربەی کارە سەخت و دژوارەکانی ژیاندا هاوکار و هاوژینی پیاوان بوون، بەرامبەر بە نەیار و داگیرکەرانی وڵات جەنگاون و بەردەوام بون لە هەوڵدان لە خەبات و تێکۆشان لەپێناو ڕزگار کردن و پێشەوەچونی وڵات، هەمیشە لە ململانێ دابوون بۆ برەودان بە ژیان و شارستانیەت، خۆ کەمیش نین ئەو ژنانەی، کە لە مێژودا ناوبانگێکی ئێجگار بێشومارو لەڕادەبەدەریان بۆ خۆیان تۆمارکردووە، هەتا ژیانی کورد بەردەوام بێت، ناوی ئەوان لەنێو لاپەڕە نەخشینەکانی وڵاتدا بە گەورەیی و زندویی دەمێنێتەوە، بۆ هەتا هەتایە لەیاد ناکرێن و بە نەمریی لەنێو میللەت و دڵی خەڵکدا دەژین و لەیاد ناچنەوە، نمونەی ئەم ژنە ئازاو بەجەرگانەش لەنێو کوردا هەریەك لە (خانزادەخانی میری سۆران و حەپسە خانی نەقیب و عادیلە خانم و ڕەوشەن بەدرخان و مەستورە خانم ....هتد)، ژن وەك بونەوەرێکی هزر زیندو و کاراو ئەکتیڤ توانیویەتی، هەموو شەڕو بەربەرەکانییەکان بەرامبەر بەژیان و بە هاوڕەگەزی خۆی بکات، هەر لەبەر ئەوەشە، ئەو مرۆڤە هەست ناسك و کارامە و زەبەندە، هیچ ڕۆڵێکی کەمتر نییە لە هاوڕەگەزی خۆی، کە پیاوە، لەگەڵ ئەوەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەمیشە بەربەست و کۆسپ و تەگەرە هەبووە لە بەردەم توانست و هێزی ژندا، هەر لەو ڕوانگەیەوە، **" لەماوەی دوو دەیەی ڕابردودا کۆمەڵگەی کوردستان گۆڕانی هەمەلایەنەی بەخۆیەوە دیوە، لەنێو ئەم گۆڕانانەشدا بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ژنان گۆڕاوە، بەڵام لەبەر کاریگەری دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان ژنان لە پایەی کۆمەڵایەتیدا نزمتر لە پیاو دادەنرێن، هێشتاش وەك پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکرێت و سەیر دەکرێت، زۆر جاریش توند و تیژیان بەرەو ڕو دەبێتەوە لە هەردوو لایەنی ڕۆحی و جەستەیی دەچەوسێنرێەوە، بەگشتی دەتوانین بڵێین، بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژن لەنێو کوردا باش نییە"** ( فریاد ڕەس، ٢٠١٢، ٤٤ ).

جگە لە هەموو ئەوانەی باسمانکردن، پێویستە لەڕووە ئایینیەکەش باس لە پێگەی ژن بکەین، کە زۆر جار لەژێر ناوی ئایینیدا ژن دەچەوسێنرێتەوە، سەرەتا ئەگەر ئایینی مەسیحی بەنمونە وەربگرین، لەسەرەتادا لەنێو ئەم ئایینەدا بیروڕای جیاواز دەربارەی ژن هەبووە، کە لەو بارەوە (قەدیس ترنولیان) دەڵێت، **"ژن دەروازەی شەیتانە بۆ چونە نێو ناخ و گیانی مرۆڤ، بە پێچەوانەی یاساو ڕێسای خواوەندەکان"** (عەبدولمەقسود، ٢٠١١، ٥٩). ئایینی زەردەشتیش، کە یەکێکە لە ئایینە دێرینەکان گرنگی بە ژن داوە و لەو ئاینەدا **"سەربەستی تەواو دراوە بە ژن کە هاوسەری ژیانی خۆی هەڵبژێرێت بە بێ هیچ زۆرلێکردن و پاڵەپەستۆیەك و مافی مارەیی شیاو و مافی خاوەندارێتی سەروەت و سامانی خۆی و چۆنێتی خەرجکردنی هەبووە،...لەو بابەتانەدا ئەو ئاینە لە ئاینەکانی دیکەی پێش خۆی زیاتر مافی ئافرەتی داوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەبارەی ژنهێنان لە جێگۆڕکێ، ناڕێکی لە دابەشکردنی میرات و جیابونەوە لەکاتی برسییەتی و تەنگژەی ئابوریدا مافی ئافرەت بە یەکسانی بدات، لەگەڵ ئەو کەموکورتایانەشدا دەبینین زۆر یاسای گونجاوی تیابووە، کە ڕێزی لە ژنان گرتووە"** (الرباتي، ٢٠٠٩، ب٣، ٣١ -٣٢). هەروەها بابلییەکانیش کە نەتەوە و کۆمەڵێك بوون لە عێراقی ئێستا و دەوروبەریدا دەسەڵات و پێگەیان هەبووە، ئەوانیش یاسا و تێڕوانینی خۆیان بۆ ژنان هەبووە، کە **" لەو سەردەمە باوکسالاری موتلەق بوو، گەیشتبووە ئاستی بەندایەتی کردنی ئەندامانی تری خێزانەکە"** (الرباتي، ٢٠٠٩، ب ٣، ٣٩). هەروەها لە ئایینی یەهودیدا ئافرەت بە هۆکاری نەگبەتی و کارەسات دەزانێت، چونکە ئەو بووە بە هۆکاریی ئەوەی کە مرۆڤ لە بەهەشت دەربکرێ، واتە حەوا بووە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ ئادەم لە بەهەشت دەربکرێن، (احمد الشلبي) لە کتێبي (مقارنه الادیان)دا دەڵێت **"ژنهێنان لە لایەن یەهودیەکان وەك مامەڵەیەکی کڕین و فرۆشتن بووە، چونکە دوای کڕینی کچەکە لە باوکی پیاوەکە دەبێتە سالاریی ڕەهای ژنەکە، هەروەها وەکو منداڵ و کەمئەندام و شێت و بێهۆش سەیری کراوە، نەیتوانیوە خاوەندارێتی سامان بکات و هاوسەرەکەی خاوەنی بووە، میراتی پێڕەوا نەبینراوە و لەکاتی بێنوێژیدا بە پیس لەقەڵەم دراوە و هاوسەرەکەی نە نانی لەگەڵ خواردووە نە لەگەڵیشی خەوتووە"** (الرباتي، ٢٠٠٩، ب٣، ٤٥)، هەروەها لەنێو ئایینی ئیسلامدا باس لەژن کراوە وەك هەر ئایینێکی دی ڕۆڵ و پێگەی دیاری کراوە، ئاینی ئیسلام بە پێچەوانەی ئایینەکانی دیکە زۆر ڕێزی لە ژن ناوە، یەکسانی کردووە لەگەڵ پیاودا، هەروەك (خوای گەورە) لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت **"وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ"** (قورئاني پیرۆز، سورەتي الروم،ئایەتي ٢١)، واتە یەك لە نیشانەکانی خودا ژنی دروست کردووە، لە پیاو، بۆ ئەوەی پیاو ئۆقرەی پێوە

بگریێت، پاشان خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی داناوە لەنێوانیاندا، کەواتە ئافرەت و پیاو وەکو یەك وان لە بەردەم یاسادا، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر ڕێزی لە ژن ناوە، یەکسانی کردووە لەگەڵ پیاو لەزۆربەی فەرمانەکان، وەکو خوا پەرستی و چاکەکردن پاداشتیشیان وەکو یەکە لە ڕۆژی دواییدا، هەروەها مافی ئازادی و دەربڕینی هەیە، دەتوانێ فەرمان بەچاکە بکات و خراپە قەدەغە بکات، مافی خاوەندارێتی هەیە، دەتوانێ بکڕێ و بفرۆشێ، دەتوانێ خێر بکات و دیاری پێشکەش بکات، کەس ناتوانێ پارەی بخوات بەبێ ڕەزامەندی ئەو نەبێت، کەواتە ژن هێندە گەورەو پیرۆزە، کە هەردوو دنیاکە دەکەوێتە ژێر پێیەکانییەوە، وەك چۆن پێغەمبەري ئیسلام لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت **"الجنة تحت اقدام الأمهات"** واتە (بەهەشت لە ژێر پێی دایکانە). خودی ژن یەکێکە لەو مرۆڤە زەبەند و گەورانەی، کە هەمیشە لێوان لێوە لە جوانی و ناسکی و میهرەبانی، پڕە لە خەونی سەوزو ئەرخەوانی، هەروەها ئەگەر لە ڕوی ئەدەبییەوە سەیری ڕۆڵ و پێگەی ژن بکەین ئەوا دەبینین ژن جیهانێکی گەورەی ئەدەبی داگیر کردووە، ژن بۆتە سەرچاوەو ئیلهامی چەندین ژانەری ئەدەبی، بەڵگە بۆ ئەم قسانە لە **"فۆلکلۆری کوردیەوە وەردەگرین بۆ ئەوەی بیسەلمێنین، کەواکورد ژنی لەلا بەڕێزەو بە بەزەییەوە دەڕوانێتە ئافرەت، نمونە، ژن کۆڵەکەیماڵە"** (ڕەسول، ١٩٧٩، ١٤١)، کەواتە لەم قسە نەستەقەدا بۆمان دەر دەکەوێت، کە ژن نەك بە هاوشانی پیاو دا دەنرێت، بەڵکو بەبێ ژن ژیان ناتوانێت بەردەوام بێت، هەروەکو چۆن بمیچی خانوو بەبێ کۆڵەگە ناتوانێ بوەستێ، ژیانیش بەبێ ژن بەهەمان شێوەیە، هەر بۆیە دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت لە گشت بوار و کاروبارو ئەرکەکانی دەرەوە و ماڵەوەدا، هەروەها لە بواری شیعردا شاعیران بە زۆر شێوە باسی ژنیان کردووە شیعریان بۆ کێشەکانی ژنان نوسیوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ژن ئیلهام بەخشی شاعیرانە، کە زۆربەی شاعیران لە مافی ژیان و خوێندن و هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتیی و ئابوریدا ژن و پیاو وەکو یەك دەبینن، هەروەها زۆبەی بەرهەمەکانیان بۆ پیاهەڵدان بە ژن تەرخان کردووە و شیعر بۆ جوانی ژن دەڵێن، هەروەك قوبادی جەلیزادە دەڵێت، **"بەلای منەوە ژیان بڕیتیە لە سێوێك لەتێکی پیاوە و لەتەکەی تر ژنە، ئەو لەتەی بەر ژن کەوتووە جوان و شیرن و بریقەدارە ئەو لەتەی بەر پیاو کەوتوە بۆگەن و کرماوی و تفت و تاڵە"** (صالح، ٢٠١٣، ١٢٤)، یەکێکی دیکە لە زانا و شاعیرانی کورد، کە بەرامبەر ژن هەڵوێستی ئەرێنی هەبووە مەلا محەمەدی جەلیزادە (مەلا گەورە) بووە، ئەو زانایە لەگەڵ ئەوەی پیاوی ئایینی (مەلا) بووە لە هەمان کاندا (شاعیر) یش بووە، واتا شارەزایی لەدین و ئەدەبدا هەبوە، ئەو زاتە لە بارەی ژن و بەهای ژن دەنوسێ و دەڵێت،

**"ژنیش وەك موزەکەرە**
**عەيني ئەویش بەشەرە**
**چاولادانی لەسەرە**
**هەردو لە یەك حوکمدان!"** (هەڵەبجە، ٢٠١٤، ٢٦١)

لەم هۆنراوەیەدا شاعیر باس لە یەکسانی ژن و پیاو دەکات، کە بەرای ئەو زانا ئایینییە ژنیش وەك و پیاو وایە، هەردوکیان هاوشانن و لە یەك ئاستدان، هیچ جیاوازیەکیان نییە، شاعیر زۆر گرنگی بە گرنگی ئافرەت داوەو ڕۆڵ و پێگەی ژنی دیاری کردووە، چونکە **"ژن ئامادەیە هەموو کاروبار و دەستکەوت و خۆشی و حەزەکانی خۆی بکاتە قوربانی لەپێناوی پاراستنی شەرەف و کەرامەت و پلە و پایە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی و هاوسەرەکەی، ئامادەیە بەکولەمەرگی بژیت، بەڵام سەر بۆ داواکارییە نابەجێیەکانی کەسانی هەڵپەرست دانەنەوێنێت... لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ کەسی بەرامبەر، کە هاوسەرەکەیەتی ئەو تێگەیشتن و پێزانینەی هەبێت بۆ ئەو قوربانیدانەی. دەبێ هەموو کاتەکانی بۆ شتە تایەتیی و کەسییەکانی خۆی تەرخان نەکات و بێئاگاێت لە کێشە و ئازارەکانی ژنەکەی، دەبێ چۆن گرنگی بە خەم و کێشەکانی کۆمەڵگا دەدات، کە کارێکی پیرۆزە، لە هەمانکاتدا ئاگاداری ێو ماڵەکەی خۆشی بێت و بوار نەدات کەموکوری و بێسەر و بەری ژیانی تایەتی و پەیوەندییە خێزانییەکانی بەرەو هەڵدێر بەرێت"** (ئەحمەد، ٢٠١٢)

## ٣. ڕەنگدانەوەی باوکسالاریی لەنێو داستانی سەیدەواندا

### ١.٣ ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی ڕەهای باوك لەنێو داستانی سەیدەواند:

ئەگەر بێت و چاو بە ناوەرۆکی ئەم داستانە بگێڕین و بیخوێنینەوە یان گوێی بۆ بگرین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە سیستەمی باوکسالاریی زۆر بەزەقی ڕەنگیداوەتەوە، چونکە تەواوی دەسەڵاتی ئەو هۆزە گەورەیە، کە لە هەزار و پێنج سەد کەس پێکهاتووە، کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی تاکە کەسێك، هیچ کەسێك نەیتوانیوە قسە لەسەر کارو کردەوەکانی بکات و ئەوەی ویستویەتی ئەنجامیداوە و کردویەتی، بەبێ ئەوەی گوێبداتە کەسە شارەزاو بەتەمەن و خەڵك و کوڕ و خێزانەکەی، تەواوی کارەساتەکان بەهۆی ئەو تاکە کەسە (عەبدولعەزیز) هوە ڕویانداوە، ئەم ڕوداوە جەرگبڕو مەرگەساتە، بەهۆی لەخۆبایی بوون و گوێنەدانە قسەی دەوروبەر و کەسانی شارەزا و ئاقڵمەندانەوە ئەو ئاکامە ناخۆشانەی لێکەوتۆتەوە، ئەگەر ئاوڕێك لە داستانەکانی دیکە بدەینەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، ئەوانیش سەرۆکێك یاخود براگەورەیەك یان پێشەوایەك سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی خەڵك و ناوچەکە دەکات، لێرەشدا بەهەمان شێوە (عەبدولعەزیز)یش ئەو خەسڵەتەی پێدراوە، وەکو گەورە و پێشەواو براگەورە و سەرۆك هۆز ڕۆڵ دەبینێت، کە تاکە هێز و سەری گەورەی قەومی داسنیان بووە، بەڵام لە داستانی سەیدەواندا، (عەبدولعەزیز) دەیەوێت دەسەڵاتی پڕ لەزەبر و زەنگی خۆی بەسەر بنەماڵە و عەشیرەتەکەیدا بسەپێنێ، بەبێ ئەوەی بۆ هیچ دەسەڵات وهێز و کەس و لایەنێنك بگەڕێتەوەو پرس و رایان پێ بکات، ئەو هەموو شتەکان بە عەقڵ و تێگەیشتن و حەز و ئارەزوی خۆی دەکات و بڕیاریان لەبارەوە وەردەگرێت، لە ئەنجامی ئەو تاکڕەویی و حوکمی باوکسالارییە، کوڕەکانی و تەواوی خێزانەکەی و ڕوبەڕوی نەهامەتی وکارەسات دەبنەوە،لەبەرئەوەی عەبدولعەزیز ئەوەندە بەدەسەڵات بوو، کە هەر قسەیەکی کە دەیکرد دەبوایە جێبەجێ بکرێت، لەیەك ڕۆژدا بڕیار دەدات سێ بوك بۆسێ کوڕەکانی بخوازێت، بەڵام لەگەڵ گیان لەدەستدانی کوڕەکانیشیدا دەڵێت نابێت دەستی دیلان بەربدرێت و دەبێت شایی و خۆشی بەردەوام بێت یان لە هەندێك ڕیوایەتدا یەك بوك بۆ مەلکەوان دەخوازێت، لەپاش مەرگی مەلکەوان دەدرێ بە نێچیرەوان، لەپاش مەرگی نێچیرەوانیش، دەدرێ بەسەیدەوان، باوکسالاریی لێرەدا دەگاتە ئەوپەڕی خۆی، بەیت بێژەکان باس لەوە دەکەن بەخواستی خۆی ڕازی بووە دوای مردنی براکانی بگوازێتەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت هەندێك لە لێکۆڵەران پێیان وایە کە سەیدەوان ملکەچی عەبدولعەزیزی نەکردووە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕودەکاتە چیا، عەبدولعەزیز بۆ ئەوەی بیگەڕێنێتەوە دەچێتە چیای مەغلوبی داسنیان، ئیتر لەبەر ئەوەی سەیدەوان نافەرمی کردووە بەتفەنگ دەیکوژێت و دواتر شین بۆ کوڕەکانی دەکات، کەواتە لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە باوکسالاریی و سیستەمی دەسەڵاتی ڕەهای باوك

بەسەر خێزان و کوڕەکانی بەڕادەیەك زاڵ بووە، کە تەنها خۆی خاوەنی دەسەڵات بووە، قسە قسەی ئەو بووە، بەم شێوەیە و لەو روانگەیەوە دەڵێین، کە سیستەمی باوکسالاریی زۆر بەڕوونی لەنێو ئەو داستانەدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەو جۆرە ئەقڵیەت و مامەڵە کردنەش لەوانەیە زیاتر بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە ئەو سەردەمە ژیان ئەوەندە لە پێش کەوتندا نەبوو بێت، ئەو کات خەڵکەکە پێیان وابووبێ دەبێت گشت دەسەڵاتە ڕەهاکانی خێزانی لەژێر دەسەڵاتی گەورەی خێزان کە باوکە بێت، هەروەها دەسەڵاتی خەڵکیش بەگشتی لە دەست سەرۆکی هۆزدا بێت، ئەو کەسە تاکڕەوەش (عەبدولعەزیز) بۆ کوڕە کارەساتبارەکان باوکە، لەلایەکی دیکە بۆ ئەوان و خەڵکەکە گەورە و سەرۆك هۆزە و گەورەی خێڵی داسنیانە، بەڵام جیاوازە لەو باوك و کەسایەتییە گەورە و پلە بەرزانەی نێو تراژیدیاکانی دیکەی خۆماڵی و جیهانیی، کە بەهۆی نەگەیشتن بە ئامانجە فراوانخوازییەکانیانەوە توشی کارەسات دەبن، ئەم کوڕ کوژییەی داستانی (سەیدەوان) جیاوازە لە بابەتی کوڕ کوشتنەکانی نێو حیکاییەت و ئەفسانە و داستانەکانی دیکە، چونکە لەوێدا کوڕەکان هەوڵ بۆ لادانی باوکیان و جێگرتنەوەیان دەدەن، باوکەکانیش بۆ پارێزگاری لە پلەو پایە و مەزنایەتییەکەیان کوڕەکانیان دەکوژن، بەڵام لێرەدا ئەو هەڕەشە دوو لایەنەیە بەدی ناکرێت و ئەو هۆکارە بەدی ناکرێت. باوکسالاریی لەم داستانەدا سیستەمێکی بنەماڵەییە، ئەم دەسەڵاتەش لای کۆی بنەماڵەکە بە فەرمی دەناسرێت، هەموو ئەندامانی خێزانەکە ملکەچ و گوێڕایەڵی ئەو دەسەڵاتە زاڵمانەیە دەبن، لەم داستانەدا (عەبدولعەزیز)ی باوك پێیوایە زانا و گەورەیە و پێویستی بەوە نییە، کە لەگەڵ کەسانی ژیر و بە ئەزموونی عەشیرەتەکەدا پرس و ڕاوێژی بکات، پێیوابوە، کە تەنها خۆی ئەقلانییەو لە ڕادەبەدەر زانا و لێهاتووە لە هەڵبژاردنی و دەرکردنی بڕیارەکاندا، لێرەدا پیاوسالاریی لە عەقلێکی بچوکدا چەقی بەستوە و ڕەنگیداوەتەوە، لە سەرجەم هەڵسوکەوتەکانیدا وەك دەردەکەوێت خۆی بە هەموو شێوەیەك بە باشتر و چاکتر دەزانێت، هەروەك گێڕرەوە دەڵێت، (عەبدولعەزیز)ی داسنی لە وەرزی بەهاردا توشی ئەو کارەساتانە بووە، کە وەرزێکی بەخشێنەری خۆشەویستییە و بۆ هەموو گیانەوەرێك، کاتی ژیانەوەو زیندوبونەوەیە، سروشت بە جارێك جلی شادی و خۆشی لەبەر دەکات، بەڵام بووەتە نەگبەتی بۆ ئەو، بۆ ئەو بووە بە خەزان و زستانێکی ساردی بێڕەحم، قڕدەکاتە بنەماڵەکەی و بەرگی خەفەتی بۆ بەدیاری دێت، بۆیە توشی کارەسات دەبێت و لەو پەڕی بێدەرەتانیدا لە بەهاری پڕ شادیدا بەسۆز و کوڵەوە شین دەگێڕێ.

**" ئەورۆکە بەهارێکم گەیوەتێ، چ بەهارێکە!**
**بەلاَم ئەمن غوربەتیم پەیدا بوەتەوە لەدڵی**
**پایزە لە عەبدولعەزیزە کۆرەکەی داسنی محەللی وەرێێ**
**ئەمن دەمکوت مەسلەحەت وایە ئەگەر**
**باب بەڕۆژێکی سێ بوکان لەبۆ هەرسێ کوڕانی بێنێ"** ( موحەمەد ئەمین ، ٢٠٠٩ ، ١٧٦ ).

کەواتە عەبدولعەزیز غوربەتی هەستاوە و بەدڵی پڕ ئازارەوە باسی بەهار دەکات و دەڵێت، وەختی گوڵ و گەنم گەینێیە، واتە وەرزی خۆشی و زەماوەندە، بەڵام نەمزانی بۆمنی (عەبدولعەزیزی کوێر) دەبێتە پایزێکی گەڵا هەڵوەریو، (عەبدولعەزیز) پێیوایە و بە لێکدانەوە و بیروڕای خۆی مەسڵحەتی کوڕەکانی لەوەدایە، کە سێ بوکان بە ڕۆژێك و بەجارێك بۆ هەر سێ کوڕەکانی بێنیت، بەڵام نەیزانی بەخراپ بەسەریاندا دەشکێتەوە، هەموو ئەمانەش لە ئەنجامی ئەو سیستەمە باوکسالاریی و تاکڕەوییەی کە خۆی لەسەرەتاوە پەیڕەوی کردووە، بەهۆیەوە هەموو خۆشییەکانی لێ بوو بە شین و ڕۆڕۆ، باوکسالاریی، لێرەدا زۆر دڕندانەیە و تەنانەت وەرزەکانی ساڵ و جوانی بەهاریش دەخاتە ژێر ڕکێفی باوکسالاریی، جوانی و خۆشی ئەم وەرزەش تێکدەدات و خەم و خەفەت بۆ خێزان و بنەماڵەکەی دەهێنێت، بۆیە پێویستە هەر تاکێك لەنێو هەر کۆمەڵگەیەك دەسەڵاتێکی ناوەندی وەربگرێت و دوربکەوێتەوە لە هەموو خۆبەگەورەیی زانیی و زەبرو زەنگییەك، (عەبدولعەزیز) لەپاڵ ئەو هەموو دەسەڵات و لەخۆ بایی بون و خۆ بە گەورە زانین و ڕو وەرگێڕان لە دینەکەی، چۆن بەبێ هێزی کەوتە سەر ئەژنۆکانیی ڕۆڕۆ دەکات بۆ بەختی ڕەشی، پەشۆکاوە هەموو دونیای لەبەرچاو دەبێتە یەك پرسیار **"ژیان شینە یان شایە خەم لەوە گەورەتر کەدڵی پیرو ناسکی عەبدولعەزیز جێگای بیێتەوە ئەپاڕێتەوە لەبەرخوا ڕەبی خوایە بایی ڕەحمەتی بێنی لە لای قیبللەی موبارەك لەداوێنی فەرمگیان بیدەی لە خەمی لەبەحرخوی تێیە ڕێنی"** ، کەواتە (عەبدولعەزیز) بەو دڵە پڕ ئازار و جەرگ سوتاوییەی بەردەوام دەپاڕێتەوە، هانا بۆ خوای گەورە دەهێنێت، (عەبدولعەزیز) سەری لێدەشێوێت هاوار دەکات، پەشیمانە، دنیای بە تاریکی دێتە بەرچاوان، هاوار دەکات و دەڵێت،

**"شایی لەمنی ماڵوێران بەشین دەگەڕا**
**ئەوە هەورێکی دەهێنا لە قیبلە موبارەك**
**لەسەر قەبری پیر خدری، لە مەغلوبی داسنیان**
**دە ڕەبی خودایە هەڵکەی ڕوی ڕەحمەتێ"** (موحەمەد ئەمین، ٢٠٠٩، ١٨١)

کەواتە، کەسایەتی و ناخی (عەبدولعەزیز) بەجۆرێ لە جۆرەکان پارچە پارچە دەبێ، لە هەموو ئەوانەی ڕویدا و بەسەر خێڵەکەی و خێزانەکەیدا هات خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ، ئەگەرچی کوڕەکانی لە کات و ساتێکی هەستیار دا کۆچ دەکەن، کە زامێکی گەورە و هەمیشەیی و سارێژ نەبوو دەخاتە نێو دڵی باوکە تاکڕەوەکە، بەڵام دیارە بیرکردنەوە و بەرنامە و خەیاڵی ئەو جۆرێکی دیکەی بارودۆخەکە هەڵسەنگاندووە و ئۆقرەی لێ بڕیوە، چونکە ئەوەی لای باوکی گرنگە ڕەنگبێ یەکەمیان مەرگی کوڕەکەی بێت، لەلایەکی تریش مەسەلەی زەماوەند و ڕاگرتنی شایی و دیلان مەسەلەیەکی گرنگترە بۆ عەبدولعەزیز، کەواتە عەبدولعەزیز لەدوو پارچەدا خەریکی خۆ دۆزینەوەیە، کاتێك بڕیار دەدات، کە سەرەڕای مەرگی کوڕەکەی شایی و دیلان بمێنێ، نەکا کەسایەتی خۆی و خێڵەکەی هەرەس بهێنێت، هەروەها لە حەقیقەت دا هەوڵ دەدات یەك پارچە بونی کەسایەتی خۆی و کۆمەڵی خێڵەکە بپارێزێ، هەرچەندە لەوانەیە ئەو هەوڵە ئاکامی خراپیشی لێبکەوێتەوە، لەدوای مردنی کوڕی دووەمی عەبدولعەزیز لەگەڵ جیهانی دەرەوە دەکەوێتە دیالۆگ و دانوسان و گلەیی و گازندەکانی لە جیهان و فەلسەفەی ژیانی ئەم جیهانە دەست پێدەکات، لەدوای مردنی کوڕی سێیەمی بەدەستی خۆی عەبدولعەزیز شین دەگێڕێت ئەژنۆکانی هێزیان نامێنێت، کەواتە بەپێی لێکدانەوەی خۆی وای پێ باشبووە، کە بەو جۆرە مامەڵە بکات، ئەویش لەپێناو خێزان و هۆزەکەی بووە (بەڕای ئەو) بۆ ئەوە بە یەکگرتوویی بمێننەوە و پارچە پارچە و سەرگەردان و پەرتەوازە نەبن و نەبنە خۆراکی ڕۆژگار و ناحەز و دوژمنانیان، بەڵام دیارە ئەو لێکدانەوەو تێگەیشتنە زۆر دوور بووە لە ڕاستی و هەڵبژاردەی دروست. هەر چەندە لە کۆتایی ڕوداوەکانی نێو داستانەکەدا خۆشی لەوە تێدەگات و دەگات بەو ڕاستییەی، کە هەڵەی کردووە بەرامبەر کوڕ و خێزان و هۆزەکەی، حەزدەکات کە ئەو بایە لەجێی ئەوان.

**"ئەگەر هەر دەشچنە ڕاوێ**
**تفەنگان ناوێنە داکی کاران، گەلێکە بە شیرن،**
**تفەنگی خۆیان نەهاوێنەوە چوێشتیران**

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp33-43

**گەلێك بەستەزمان و دنیانەدیتە و فەقیرن**
**با تفەنگی خۆیان باوێنەوە بابی کاران**
**ئەگەر شاخیان لەسەر سەری هەڵچوون**
**هەر دەڵێی هەرامە نیرن**
**مەلکەوانم ڕۆ، نێچیروانم ڕۆ، سەیدەوانم ڕۆ"** (موحەمەدەمین، ٢٠٠٩، ١٨٣ - ١٨٤)

پەشیمان بوونەوە بەئاشکرا بە قسەکانیەوە دیارە، لە پێشان هەموو ماڵ و ژن و کوڕ و کچ و بوکی دەکردە قوربانی و خۆشی خۆی، کەچی لێرەدا داوا لە هەمووان دەکات کە ئازار و ئەزیەتی ژنەکان نەدەن، کەدەڵێ (داکی کاران ) مەبەستی لە دایکی منداڵەکانە، هەروەها مەبەستی لە چوێشتیران ، بوکەکانی، کوڕەکانی، کچەکانییەتی، چونکە چوێشتیر بە گیسکی تەمەن دوو ساڵی دەڵێن، دەکرێ مەبەستی هەر کامێك بێت و دەشڵێت ئەوانە تازە پێدەگەن و جارێ دنیایان نەدیوە، ئەی تفەنگ بگرنە کێ ؟ دەڵێن بگرنە بابی کاران، واتە نێری، کە مەبەستی سەردار و پیاوی گەورەی ماڵە، ئەوان ڕاوبکەن و ژیانیان بینیوە و جارێ لەوانەی دیکە گەڕێن با بۆخۆیان ژیان بکەن، بەڵام تازە کار لەکار ترازاوە و پەشیمانی و پەنجە گەستن دادی نادات و دەبێت باجی هەڵەکانی بدات، هەر ئەو پەشیمانی و گەیشتن بە ڕاستییەکانە وای لێدەکەن، کە واز لە ئایینی یەزیدیان و دینی داسنیان بێنێت و ببێتە موسڵمان، پاشان سەری خۆی هەڵبگرێت بۆ شوێنێکی دورەدەست و پیرۆز، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە چاوی بەچاوی خۆشەویست و کەسوکار و خەڵکی هۆزەکەی نەکەوێتەوە، چونکە بەرگەی ئەوە ناگرێت و ناتوانێت سەیری نێو چاویان بکات و شەرمەزارە بەرامبەریان، هەر بۆیە بە قوڕگی پڕ لە گریان و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەڵێت ،

**"شەرتبی بەشەرتی خودا و پێغەمبەران**
**لەبەرخۆبکەم بەرگی دەروێشان**
**دەستی خۆبدمەوە داری دارعەسایە**
**ئەمن پاشی سێ کوڕانم تۆبەی بکەم و بچمەوە مزگەوتەکەی کابەتوڵڵایە"**
(موحەمەدەمین ، ل١٨٨ )

هەرچەندە ئەو سەرهەڵگرتن و ئایین گۆڕینە جێگای گەنگەشە و مشتومڕە، کە تا چەندە ڕاستە و ڕێی تێدەچێت، کەسێك لەو بارودۆخەدا لە ئایینی پێشوی هەڵگەڕێتەوە و ڕو لە ئایینێکی نوێ بکات، ئایا شارەزایی پێشینەی هەبووە لە بارەی ئەو ئایینە نوێیە؟ ئەگەر هەیبووە بۆ لە کاتێکی ئاسایی و جێگیری دەرونیدا ئەو بڕیارەی نەدەدا؟ ، بە هەرحاڵ ئەو هەڵوێستە زیاتر بۆ جوڵاندن و هەست و سۆز و بەزەیی گوێگر و خوێنەران بووە، کە زۆربەیان موسڵمانن، بۆ ئەوەی زیاتر بەرەو خۆشەویستی و لایەنگری داستانەکەیان ئاڕاستە بکەن، چونکە زۆربەی خەڵکی کورد پەیڕەوی ئایینی ئیسلامن، هەروەها لای نەتەوەی کورد ئایینی ئیسلام بە ئایینێکی پیرۆز لە قەڵەم دراوە، موسڵمان بونی عەبدولعەزیز دڵی جەماوەری کوردی خۆش کردووە، ئەگەر چی کارەسات و تراژیدیاکە ناخی گوێگرانی هەژاندووە، بەڵام هەندێکی دیکە لە گێڕەرەوەکان پێیانوایە، کە عەبدولعەزیز لەدوای گیان لەدەستدانی کوڕەکانی و کارەساتەکە دەمرێت و کۆتایی بەژیانی دێت، دەبێ ئەوەش بڵێین، کە لەنێو ئەدەبی زۆربەی گەلانی دراوسێیی ئێمەدا هاوچەشنی ئەدەبی کوردیی، دیاردەو چەمکی باوکسالاریی کەم و زۆر ڕەنگیداوەتەوەو تا هەنوکەش بەردەوامە، ئەو بیرکردنەوە و دیاردەیەش بۆ ئەوان و ئێمەش ئاساییە، چونکە **"لە کۆمەڵگەی کوردیدا تا ئێستا نێرینەیی نەبۆتە بابەتی بیرکردنەوەو گفتوگۆ، هەم لە ئاستی نوسین و بەدڵنیایشەوە لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا، بەشێکی هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نێرینەیی هێندە ڕیشەی داکوتاوە بەوەی وەك دیاردەیەکی ئاسایی و سروشتی دەردەکەوێت، بەشەکەی تریشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی کوردی هێشتا گەلێك سادەیە و توانای بینین وخوێندنەوەی ئەبستراکتی زۆر لاوازە"** ( ڕەشید، ٢٠١٧، ٣٦)، واتا بیرکردنەوەی کوردیی خۆی گرنگی بە بابەتی پیاوسالاریی نادات و بەلایەوە کێشەیەکی هێندە گەورە و مەترسیدار نییە، بەڵکو بەلایەوە زۆر سروشتی و ئاساییە، بۆیە خۆی کوتاوەتە نێو کلتور و دابونەریتی کوردەوارییەوە و بۆتە بەشێك لێان، ئەگەر نا کۆمەڵێك گۆڕانکاریی گەورە بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا دەهات ، جا بۆ باش کردنی ئەو بارودۆخە پێویستمان بە کۆمەڵێك گۆڕانکاریی ئەقڵی و ڕوحی هەیە، هەروەها پێویستە پیاوان خۆشیان درك بەو ڕاستییە بکەن، کە تەنها ئەوان ڕابەری بێ ڕکابەری نێو خێزان و کۆمەڵەکەیان نین، تەنیا ئەوان سەرۆکی خێزان و پلە باڵا نین، ڕەگەزێکی دیکەش هەیە، کە پێویستە بێتە مەیدان و بەشداریی پێبکرێت لە گشت مەیدان و کایەکانی ژیاندا. " دیارە ئەمە بیرە ڕاست و دروستەکەیە، کە نێر و مێ تەواو کەری یەکترن و بە نەمان و چۆڵکردنی گۆرەپانەکە لەلایەن یەکێکیان، ئەوا لەنگی و ناتەواوی لە ژیاندا دروست دبێت و پشێوی و سەرلێشێوان گشت بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە" (ئەحمەد، ٢٠١٣، ٣١)

## ٢.٣ پەراوێزخستنی ڕۆڵی دایك و حیساب نەکردن بۆ ژن لەنێو ڕوداوەکانی داستانی سەیدەواندا.

کاتێك داستانی سەیدەوانی دەخوێنینەوە، زۆر بەڕونی پێگەی پەراوێز خراوی ژن و دایك بەدیاردەکەوێت، کە بریتییە لە حیساب نەکردن بۆ دایك یاخود ژن، کە هەر ناویشی لەنێو ڕوداوەکانی داستانەکەدا نەهاتووە، پەراوێز خستنی دایك لە داستانەکەدا، لەوانەیە بۆ هۆکاری ئەو دابونەریت و سیستەمە باوکسالارییە پەیڕەوکراوەی نێو عەشیرەتەکە بگەڕێتەوە، هەر وەك زۆربەی گێڕەڕەوانی داستانەکە باس لەوە دەکەن، کە بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بە دایك و ڕۆڵی دایك نەکراوە، پێدەچێت لەو سەردەمەدا ژنانی نێو عەشیرەتەکان دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نەبووبێت و لە واقیعدا بەو جۆرە بوبن، ڕوداوەکانی ئەو داستانەش ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بێت، هەر بۆیە باس لە خێزانی (عەبدولعەزیز)، دایکی (مەلکەوان و نێچیروان و سەیدەوان) نەکراوە، لەڕویەکی دیکە پەیوەندی بە کەسایەتی (عەبدولعەزیز)ی سەرۆك هۆزەوە هەیە، چونکە ئەو کەسایەتییە کۆمەڵێك بیرو بۆچون و تێڕوانینی تایبەت بەخۆی هەبووە، پێی وابووە کە بەجێبەجێ کردنی ئەو بەرنامە تاك لایەنەیەی خۆی داینـاوە، بەرژەوەندی خۆی و خێزان و هۆزەکەی دەپارێزێت و لە هەموو هەڕەشەیەکی دەرەکیی بەدوریان دەگرێت، ئەوەش بۆ ئەو کەسایەتییە تاکڕەو و پیاوسالارییە دەگەڕێتەوە، کەسایەتی ئەو سەرۆك هۆزەی لەسەر بنیاتنراوە .

سیستەمی باوکسالاریی پەیڕەوکراوی نێو داستانەکە بەجۆرێك دانراوە و پەیڕەوکراوە، کە ژن لە هیچ سوچێکی داستانەکەدا ڕۆڵی نییە، تەنانەت ڕێی پێنەدراوە شینیش بۆ ڕۆڵکانی بگێڕێت، کەواتە لەمەوە بۆمان بەدیار دەکەوێت، کە عەبدولعەزیز باوکسالارییەکەی بەجۆرێك بووە، نەك هەر تەواوی دەسەڵاتەکانی هەبووە، بەڵکو خۆی شینگێڕ و هەڵسوڕێنەری مەراسیمی مەرگی کوڕەکانیشی بووە، خۆی دەربڕی ئێش و ئازار و مەینەتییەکانی هەمووان بووە، هەر خۆی سنگی بۆ کوڕەکانی کوتاوە و ڕۆڕۆی بۆ کردون، تەنانەت نەیهێشتوە ژن و کچ و بوکەکانی ئامادەی مەراسیمی شینگێڕیش بکەن، خەمی دڵیان بەو بۆنە کارەساتبارە دەربڕن، هەر وەك لێرەدا عەبدولعەزیز دەڵی،

**"گەلی دە دۆستان گەلی دە داسنیان**
**ئەوە ئەمن چەپۆکێکم بەسەری خۆمدا دەدا**
**سەرم لێ دەشێوا، دەستم ڕەق دەبوون**
**ڕوناکایە لە چاوانم دەهاتە کزێ**
**بەو بەهارێ، سەهۆڵبەندان لە عەبدولعەزیزی پەیدابوو**
**قرچەقرچم لە یوزگێ دەهات**
**بۆنسۆش لە جەرگێ و دڵم دە تەزێ**
**مەلکەوانم ڕۆ، یێچیروانم ڕۆ، سەیدەوانم ڕۆ"** ( موحەمەد ئەمین، ٢٠٠٩، ١٧٨ )

ئەمەش بەڵگەی ئەو باوکسالارییە ڕەهاو بێ ڕەحمەی (عەبدولعەزیز)ی سەرۆک هۆزەکە بووە، کە پەیڕەوی کردووە، ئەوەش لە کاتێکدایە، کە کوڕەکان دایکیان هەبووە، ئەو دایکەش لە هەموو کەسێك زیاتر بەو کارەساتە بریندار و خەمبار دەبێت، بەڵام ئەو بواری نەداوە بێنە مەیدان و دەربکەون، بەڵکو خۆی ماتەمگێڕ بووە و ئەو مافەی تەنها بەخۆی داوە، بە کەسی دیکەی ڕەوا نەبینیوە و نەیهێشتووە دەربکەون. کەچی دەبوایە بوار بدرابایە بە دایك شین بۆ کوڕەکانی و جەرگ سوتانەکەی بکات، بەڵام ئەو دەنگە هەژێنەر و واقیعی و ناخ هەژێنەی دایك نابینرێت و نابیسترێت، نە هاوار و بەرۆك دادرین و ڕۆڕۆی بوکێ کۆست کەوتە، نە سنگ و کوتان و سەر لە قوڕ گرتنی خوشکی براکوژراو بەو شێوە کارەساتبارە و لەو کات و سات و دۆخە مەرگەسات ئامێزە، بە پێچەوانەوە لەگەڵ ئەو هەموو کارەساتە گەورانەدا لەکاتی ئەو تراژیدیایە مەزنەدا شایی و ڕەش بەڵەك بەردەوامە و گەرم و گوڕە، نابێت زەماوەند و ڕەشبەڵەك بوەستێت، نابێ بزە لە لێو بترازێ، هەروەها دەبێت فرمێسك لە چاواندا قەتیس بمێنێت، ئەوانەش هەمووی بە هۆی ئەو زوڵم و زۆرداریی و سیستەمی باوکسالارییە، کە (عەبدولعەزیز) پەیڕەوی کردووە، کە ئەمەش بەجۆرێك لە جۆرەکان ترس بووە لە دەسەڵات و بڕیار و نەفرەت و هەڕەشەکانی (عەبدولعەزیز)،باوك و سەرۆك هۆز و تاکە فەرمانڕەوای قسەڕۆیشتوو. کە دەبێت ڕەشبەڵەك بەردەوام بێت و نابێت تێکبدرێت، (عەبدولعەزیز) دەڵێ ،

**"توخوداکەی خزمینە دەنگێ مەکەن**
**بادەستی داوەتێ بەرنەبێ، دڵێ کیژان و کوڕانم لێ دەمێنێ**
**مەلکەوانم ڕۆ، یێچیروانم ڕۆ، سەیدەوانم ڕۆ**
**بەسەری بابێ خۆیان دەکردەوە خوێڵی دە هەرامە بە کۆ"** (موحەمەد ئەمین، ٢٠٠٩، ١٧٧)

ئەوەی لێرەدا بەدیاردەکەوێت و پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە، کە (عەبدوالعەزیز) هیچ بایەخێکی بە ناخ و ئێش و ئازار و خەم و مەینەتییەکانی ئەو دایکە جەرگ سوتاو و دڵ بڕاوە نەداوە، کە لە دەستدانی ڕۆڵە چ ئازار و خەم و مەینەتییەکی بۆ ژن یاخود دایك هەیە، ئەو هەر لەسەر ئەوە سور بووە، کە نابێت زەماوەندەکە تێکبدرێت، دەبێت هەر بەردەوام بێت، ئەگەر باس لە لایەنێکی دیکەی داستانەکە بکەین، هەر لە مەسەلەی ژندا، دەبینین، باوك، دیسانەوە هیچ بایەخێکی بە بوکەکانی نەداوە، هێنانی سێ بوك (یان بوکێك بۆ سێ کوڕ) و مردنی پیاوەکانیان بەو جۆرە لەخۆبایی بوون و باوکسالارییە، کەچی زەماوەند و ڕەشبەڵەك هەر بەردەوام بووە، ئاماژەیە بەوەی، کە هیچ گرنگییەکی بە ناخ و ئازاری بوکەکان (بووکەکە) نەداوە، کاتێك ژنێك بەمردنی پیاوەکەی کۆمەڵێك خەون و هیوای لە گۆڕ دەنێت و ماڵی لێ تێکدەچێ و وێران دەبێت، کەچی (عەبدولعەزیز) پێی وابووە، کە ژنان تەنیا سێبەری پیاوانن و ناتوانن بەبێ پیاوەکانیان بجوڵێنەوە، هیچ هەنگاوێك لە ژیانیاندا بنێن، هەروەها پێی وابووە ئیش و کاری ژنان لە قاڵب دراوە، شوێن و کاتی دیاریکراوی بۆ دابینکراوە، بەتایبەتی لە نێو چوار دیواری ماڵەوەدا. ژن لای ئەو بەجۆرێك بووە، کە مافی ڕەتکردنەوەی قسەی پیاوەکەی نەبووە، هیچ گرنگییەکی بەقسە ژن نەداوە، هەروەك بەدیار دەکەوێت ئەوەی (عەبدولعەزیز)ی داسنی وەك سەرۆك عەشیرەتێك بیڵێت، هەر ئەوە دەبێت جێبەجێ بکرێت، لەکاتێکدا ئەو دایکەش وەك باوك مافی بەسەر منداڵەکانی هەبووە، و پێیانەوە ماندو بووە، پێیگەیاندون و بەخێوی کردون.

بیرو بۆچونی پیاوانی ئەو سەردەمە وابووە، ژن ناتوانێت سەرۆك و کاربەدەستی شارێك بێت، یاخود ناتوانێت سەرۆکی دامەزراوەیەك بێت، ژن خاوەنی بیر و بۆچوون نییە، داهێنانێکی ئەوتۆی لێ چاوەڕوان ناکرێت، کە ڕوی مەجلیسی هەبێت، ژن لاواز و زەلیلە، لەکاتێکدا ژن وەك پیاوە و هیچی لەو کەمتر نییە، خاوەن هەمان تواناو بیرکردنەوەیە، بەڵام ئەوان وەك سەرۆکی خێڵەکان، یاخود عەشیرەتەکان دانیان پێدانەناوە، لەوانەشە بەهۆی دابونەریتی نێو خێڵەکان و کۆمەڵگەش بێت، یاخود بەهۆی چاو لێکەرییەوە بوبێت، چونکە لەو سەردەمەدا کاتێك کەسێك ڕێزی لە خێزانەکەی گرتبا ئەوا بە ترسنۆك یاخود ژنانی ناویان دەبرد و هیچ حیسابێکیان بۆ پیاوەکە نەدەکرد، بە چاوێکی کەم سەیریان دەکرد، لە کۆتاییدا بۆمان دەردەکەوێت زمان و بیری پیاو زمان و بیرێکی زاڵە بە سەر سەرلەبەری داستانی سەیدەواندا، کارەکتەرەکان پیاون و ڕۆڵ دەگێڕن، هیچ کارەکتەرێکی ژن بەشێوەی بەرجەستە بەدیار ناکەوێت، هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆ بە ژن نەدراوە، ژن لە داستانەکەدا بێ بایەخترین شتە، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبین لایەنی کەم دەبوایە دوو ژن لەم داستانە مەرگەسات ئامێز و تراژیدیایەدا ڕۆڵی دیار و سەرەکیی هەبوایە، یەکەمیان دایکەو ئەوی دیکە بوکە، ئەو دایکە دڵ سوتاوەی سێ کوڕی بەشێوەیەکی ئاوا دڵتەزێن جوانە مەرگ دەبن، نەك تەنیا دەوری نییە، تەنانەت شینگێڕیش ناکات، تەنانەت جارێکیش ناوی نابەن لە داستانی سەیدەواندا، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە، کە ژن لە درێژەی داستانەکەدا هیچ ڕۆڵێکی پێ نەدراوە، مەبەستی ئێمە ئەوە نییە، کە چاوپۆشی بکەین لە هۆکارەکانی، کە ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە چەوسانەوەی ژناندا لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، چونکە مێژووی هەر کۆمەڵگەیەك شایەتی ئەوەمان بۆ ئەدات، هۆکارە سەرەکییەکانی نایەکسانی نێوان ژن و پیاو دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی پیاوسالاریی، واتا سیستەمێك کە لەوێدا پیاو خاوەنی دەسەڵاتی سەرەکییە، هەروەها ئەوە کە یاساو ڕێساکانی کۆمەڵگە دیاری دەکات، بێجگە لەوەش نابێت ڕۆڵی گرنگی کلتور لە دروستکردنی ئەو نایەکسانییەدا فەرامۆش بکەین، چونکە کلتوری هەر نەتەوەیەك ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت لە پێدانی ئەرك و ماف و پێگە بە هەر چین و ڕەگەزێك لەنێو ئەو کۆمەڵگەیەدا، ئاینیش کە بەشێکە لە کلتوری هەر کۆمەڵگەیەك، هەروەك بەدیاریش دەکەوێت، کە (عەبدولعەزیز) ی داسنی سەر بە ئاینی ئێزیدی بووە، لەوانەشە کاریگەریی ئەو ئاینەی لەسەر بووبێت، لە هەموی زیاتریش لەسەر پیاوان، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی سەرەکی هەبووە لە دروستکردنی کلتوری هەر نەتەوەیەکدا، هەر بۆیە پێویستە ژنان بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە بڕوانە ڕۆڵ و پێگەی خۆیان لەنێو کۆمەڵدا، ئەگینا ناتوانین بەو شێوەی کە پێویستە بەگژ ئەو نایەکسانیانەدا بچینەوە، کە دەرهەقیان پەیڕەو دەکرێت. دەبێ ئەوەش بزانین، کە ئەوە یەکێکە لە مافەکانیان و بەپێی یاسا و دەستور لە مافەکانی مرۆڤ لە بەشی جیاکاری دژی ژنان لە نەتەوەیەکگرتووەکان چەسپاوە بەپێی ماددەی(٧)، کە تیایدا هاتووە **"دەوڵەتەکان، لایەنەکان هەموو کارسازیەکی گونجاو دەکەن بۆ بنبڕکردنی جیاکاریی دژی ئافرەت لە**

**ژیانی سیاسی و گشتیی وڵاتداو، بەتایەتی بە یەکسانی لەگەڵ پیاودا"** (جیاکاریی دژی ژن، ٢٠٠١، ١٨)، ئەوەش مافەکانی وەکو خۆ کاندیدکردن و دەنگدانی بە یەکسانی لەگەڵ پیاواندا لە گشت هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکی گشتی و تایبەتی لە گشت ئاست و شوێنێك بۆ مسۆگەر دەکات، بەشداریکردنی لە دانانی یاساکانی دەوڵەت و جێبەجێکردن و دادوەرییدا، لە گشت دامودەزگاکانی دەوڵەت و وڵاتدا، هەروەها بەشداریکردنی لە گشت ڕێکخراوە مەدەنی و ناحکومییەکان لە گشت بوار و ئاستەکاندا، وەکو ئەندام و بەڕێوەبردن.

## ٣.٣ فەرامۆش کردنی ڕۆڵی کوڕ و لێکەوتە و کاردانەوەکانی

ئەوەی لەو داستانەدا بەرچاو دەکەوێت، باوکسالارییەکی زاڵ و بێڕەحمانە و ڕەهایە، ستەمەکە تەنها لەسەر دایك و کچ و بوکەکانی نەبووە، بەڵکو ئەو ستەمەی باوکسالارییە بەزەقی و بەڕون و ئاشکرایی لەسەر کورەکانیشی هەستی پێدەکرێت، (عەبدولعەزیز) لەنێو داستانەکەدا بەشێکی زۆر زیاتر لەوەی کە مافی پیاو یان باوك یان سەرۆك عەشرەتە بەرکەوتوە و بردویەتی، هەر لە بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی و باوکایەتی و براگەورەیی و بڕیاردان، بەڵکو لە هەموو کایەکانی ژیانی گشتی و تایبەتیدا بەشێوەیەکی بەردەوام هێزو دەسەڵاتی باوك لەنێو ماڵ و کۆڵان و دەرەوە و ناوەوەی شار دەبینرێت، سەرەڕای ئەوەش پاڵەپەستۆیەکی زۆریشی لەسەر خودی عەشیرەتەکەی بە گشتی هەیە، ئەگەر ئاوڕێك لە مێژوی داستانەکانی جیهانیی و خۆماڵی بدەینەوە دەبینین، لە زۆربەی داستانەکاندا پاڵەوان و کەسێتیی سەرەکیی لە پیاوان پێکهاتوون، کە (باوك، کوڕ، برا، ئامۆزا، خاڵ... هتد) دەگرێتەوە، بەڵام لە داستانی سەیدەواندا بە هیچ شێوەیەك جگە لە باوك ئەوانی دیکە بوون و پێگە و قورساییان نییە، تەنانەت کوڕەکانی، کە لەچاو خەڵکی دیکەی عەشیرەتەکە، کوڕی سەرۆك هۆزن و پلەی کۆمەڵایەتییان بەپێی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە لە خەڵکی دیکە بەرزترە، کەچی مافی بڕیاردانی چارەنوسی خۆشیان نییە، دەبینین، کە هیچ کام لە کوڕەکانی خاوەن بڕیار نین، لەسەر ژیان و واقیعی خۆشیان، هەروەها هیچ کامێك لە کوڕەکانی هەتا ژنەکانیشیان بەدڵی خۆیان هەڵنەبژاردووە و نەهێناوە، کە مافێکی زۆر سەرەتایی و سادەیە، بەڵکو باوکیان کە (عەبدولعەزیز)ە، تەواوی بڕیارەکان ئەو لەبری ئەوان دەریکردوون، لەژێر دەسەڵاتی ئەو بووە، بۆ هەر کوڕێکیان کچێك دیاریدەکات و بۆی دەگوازێتەوە، بەبێ ئەوەی پرسیان پێ بکات، لە کاتێکدا ئەوە ماف و ژیانی ئەوانە و دەبێت خۆیان بڕیاری لێبدەن، لەوەش ترسناکتر ئەوەیە، کە هەندێك لە بەیتبێژ و گێڕەرەوەکان دەڵێن، کە گوایە تەنها یەك ژنە بۆ هەرسێ کوڕەکانی دەهێنێت، نەك سێ ژنی جیاواز بۆ هەر یەکێکیان، ئەگەر سەیر بکەین هێنانی یەك ژن دوای مردنی هەر کوڕێکی لە کوڕەکەی دیکە مارە بکرێتەوە، زۆر سەخت و قبوڵنەکراوە، چونکە دەکرێ و ڕێی تێدەچێت، کە دوای مردنی برایەك پاش تێپەڕبونی ماوەیەك و لەبیرکردنی خەم و ئازارەکان، برایەکەی براژنەکەی واتە ژنی برا کۆچکردووەکەی مارە بکاتەوە، ئەوە لەنێو کۆمەڵی کوردەواریی وەك دابونەریتی لێهاتووە و زۆر دوبارە بۆتەوە، بەڵام لەهەمان بۆنە و مەراسیم بەبێ ئەوەی کەس پێبزانێ ئەو ئاڵوگۆڕە بکرێت، بەڕاستی بڕیارێکی زاڵمانە و قبوڵنەکراو دور لە هەموو عورف و عادەتێکی دنیایی و ئاسمانییە، کەچی (عەبدولعەزیز) ئەنجامیدەدات و بۆشی دەچێتە سەر، بەبێ ئەوەی هیچ کام لە کوڕەکانی بتوانن بڕیاری باوکیان ڕەتبکەنەوە، یان هەوڵی ڕەتکرنەوەی بدەن، خۆ لەوانەشە کوڕەکانی ڕازی نەبوبن، بەڵام ڕەتکردنەوەی فەرمانی باوکیان وەك سەرۆك عەشیرەتێك، بەتاوانی سەرپێچی کردنی یاسای هۆز و دەرچون لە قسەی گەورەی هۆز ئەژمار دەکرێت، ئەو کاتیش ڕوبەڕوی سزا و لێپرسینەوە قورس دەبنەوە، کە لەوانەیە بگاتە کوشتنیان.

هەروەك بەیتبێژ و گێڕەرەوەکان دەیگێڕنەوە، ئەو شێوازی حوکم و بڕیاردان و چەوساندنەوەیە، هەتا کۆتایی و هەتا هەتایە هەر بە دڵی (عەبدولعەزیز) ناچێت بەڕێوە، لە هەموو دەورو زەمان و شوێنێك کەسانێك دژی زوڵم و زۆر و نادادییەکان ڕادەپەڕن و سنورێك بۆ ئەو یاساشکێنی و بێسەروبەرییە دادەنێن، بە ستەمکار دەڵێن لێرە بوەستە و ئیتر بەسە، وشەی (نا) بەڕوی بریار و فەرمانە پروپوچ و زاڵمانەکەیدا بەرزدەکەنەوە، لێرەشدا کارەکان پێچەوانە دەبنەوە و هەموو شتەکان بەبێ کێشە و گرفت و بەدڵی حوکمدار ناڕۆن بەڕێوە، بای ئاڕاستەی پێچەوانە هەڵدەکات و ململانێ دروستدەبێت، ڕوداو و کارەساتەکان بەرەو لوتکە هەڵدەکشێن، چونکە کوڕە بچوکەکەی (سەیدەوان) لەدوای مردنی هەر دوو براکەی (مەلکەوان و نێچیرەوان) ڕازی نابێت ژنی ئەوان مارەبکاتەوە، بەڵکو دژی بڕیارەکانی باوکی دەوەستێتەوە، ئەو ناڕازیبونەشی وای لێدەکات لە ماڵ و ژێر سایەی حوکمی ستەمکار (باوکی) دەربچێت و ڕو لە شاخ و کێوەکان دەکات و لەتاو ئازاری ناخی و لەدەستدانی دوو براو هێنانی هەمان ژنی ئەوان، ئەگەر باس بکرێت ئازارێکی سەخت و دژوارو گەورەیە، لەوانەیە گێرانەوەی ئاسان بێت، بەڵام لە واقیعی ژیاندا بابەتێکی تراژیدیا و سەختە.

هەندێ لە گێڕەرەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، باوکی بۆخۆی بە ئەنقەست کوڕەکەی کوشتوە، چونکە دژی بڕیارەکانی ئەو وەستاوەتەوەو وشەی (نا)ی بەڕویدا بەرزکردوەتەوە، وەکو گوزارشتکردن لە دژایەتی و ناڕازیبوون بە بڕیارەکانی ڕووی لە شاخ و دەشت کردووە، ئەویش ئەمەی پێ قبووڵ و هەزم نەکراوە و کوشتویەتی، هەندێکی دیکەش ئاماژە بەوە دەکەن و دەڵێن، بەبێ ئەوەی باب و کوڕ ئاگایان لە یەکدی بێت، هەر یەکەیان بە لایەکدا و بەبێ ئاگاداریی ئەوی دی ڕویان لە شاخ و دەشت کردووە، بە بیانووی ڕاوکردن لە ڕواڵەتدا، کەچی لە واقیع و حەقیقەتدا یەکیان لەتاوی ئازاری لەدەستدانی ڕۆڵەکانی و ئەوی دی لەتاوی براکانی دەست دەدەنە تفەنگ و ڕویان لە چیای مەغلوبێ دەکەن، گوایە (عەبدولعەزیز) بەهەڵە کوڕەکەی (سەیدەوان) وەك گیاندارێك یان کورە کێویەك دێتە پێش چاوان و ڕوی تفەنگی لە کوڕەکەی کردووە و ڕاوی کردووە (کوشتویەتی)، دواتر دەستدەداتە چەقۆ و ڕادەکات و دەچێتە سەر نێچیرە ڕاوکراوەکە، بۆ ئەوەی مردار نەبێتەوە و سەری ببڕێت، ئەو کاتەی کە دەگاتە لای نێچیرەکە (سەیدەوان) بۆی دەردەکەوێت و دەزانێت، کە ئەوە نێچیر نییە، بەڵکو کوڕەکەی خۆیەتی، ئالێرەدا کارەسات و ڕودا و تراژیدیاکە دەگاتە لوتەکە و ئیدی (عەبدولعەزیز) لەتوانایدا نامێنێ و ناتوانێ ئیدی بەرگە بگرێت و دەکەوێتە سەر چۆك و هەرەس دێنێت. کەسایەتی (عەبدولعەزیز) بەو هەموو هێزو دەسەڵاتەی کە هەیبوو، کەچی بێدەسەڵات و دەستەوەسان دەبێت، وەکو (ژنان) کە تا ئەو کات و سات، بەتێڕوانین و بیروبۆچونی و لێکدانەوە و یاساکانی ئەو، شتێکی بێ بایەخ و حیساب بۆ نەکراو بون، شین و ڕۆڕۆ بۆ کوڕەکانی دەکا، خانەوادە و خزم و دۆست و عەشیرەت و دەستەڵات و سامانەکەی بەجێ دێڵێت، ناتوانێت جارێکی دیکە ڕویان تێبکاتەوە و هەر لەوێوە سەرهەڵدەگرێت و ڕو لە داهاتووێکی نادیار دەکات، دەڵێت چۆن دەبێت بوکەکانی من لەسەر سێ کوڕان ڕا بە ڕوسوری بچنەوە ماڵە باوانیان. (عەبدولعەزیز)ی باوك دەڵێت، ئازاری جەرگم وەك ئازاری سوتانە، لە هەموو ئازاران بەئازار ترە، کە بەدەستی خۆی کوڕەکانی خۆی لەنێو بردووە، بەهارەکەی لێ بووە بە خەزان، ئەو شوێنە تەڕ و خۆشەی لێبووە بە بیابانێکی وشك و چۆڵ و هۆڵ، هەروەك (عەبدولعەزیز) دەڵێ،

**"بەهارە، بەهارە با بەكەی بابم**
**رۆژ لەمن بێتە بازی بەرانی**
**كاكە سەیدەوان ئەتۆ گەورەی هەزارو پێنج سەد ماڵی داسنیانی**
**كێ دیویەتی لەدارانێ دەزمانان**
**لەسەر سێ كوڕان را بە رو سوری بوك بچنە ماڵی باوانیان**
**مەلكەوانم رۆ، ێچیروانم رۆ، سەیدەوانم رۆ "** (موحەمەد ئەمین، ٢٠٠٩، ١٨٠)

وەك دەبینین (عەبدولعەزیز) لەدوا وێستگە و هەڵوێستدا، پەشیمانە لە كار و رەفتار و ئاكارەكانی، پەشیمانە لەو كارەی بەسەر كوڕەكانیدا هێناوە، گیانی لە خوێن سور كردون، ئیتر هاواری ویژدان زۆری بۆ دەهێنێت، شین و رۆرۆ بۆ هەرسێ كوڕەكانی دەكات، بۆ هەموو ئەو شتانەی كە لە ئەنجامی سەركێشی و كەللە ڕەقی لەدەستیداون دەكات... بۆیە بڕیاردەدات، كە چیتر نەگەڕێتەوە نێو خێزانەكەی، چونكە بەرگەی ئەو هەموو گێژاوی خەمە ناگرێت، دواتر بڕیاردەدات ئاینەكەشی لە یەزیدییەوە بگۆڕێت بۆ ئاینی ئیسلام، پاش ئەو كارەساتە رو لە مەككەی پیرۆز دەكات و هەر لەوێش دەمێنێتەوە و بەو دەردو ئازارەوە سەردەنێتەوە، گێڕەرەوانی داستانەكە دەڵێن، دوای ئەو مەرگەساتە ئیتر قاتوقڕیی لەسەر تەواوی نێوچەكە لادەچێت، سروشت زیندوو دەبێتەوە گژوگیا دەبوژێتەوەو وەرزی خۆشی و خۆش گوزەرانی دەست پێدەكاتەوە.

## ٤. ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك، كە بریتین لە،

**١.** سیستەمی باوكسالاریی بە شێوەیەكی زەق و بەربڵاو باڵی بەسەر تەواوی ڕوداوەكانی نێو داستانی (سەیدەواندا)دا كێشاوە، هەموو كاروبارەكان لەڕوانگەی سیستەمی باوكسالارییەوە بەڕێوە دەچن.

**٢.** ژن وەكو (دایك، خوشك، بوك) هیچ رۆڵ و پێگەیەكی بۆ دیارینەكراوە لەنێو ڕوداوەكانی داستانی (سەیدەوان)دا، هیچ مافێكی هەڵبژاردن و دەربڕینی بیروڕای پێنەدراوە، هەتا دەگاتە ئەوەی مافی شینگێڕیشی بۆ ڕۆڵەكانی لێ زەوتكراوەو دراوە بە باوك و پیاو.

**٣.** هەر لەوداستانەدا پیاوانیش خاوەنی ماف و هەڵبژاردن نین، بەڵكو تەنها باوك سەری گەورەیە بڕیار دەدات و چارەنوس و هەڵبژاردن بۆ كوڕ و كچ و كەس و كاری دیاریدەكات، ئەو دەڵێ ژیان بە چ شێوەو ئاراستەیەك گوزەر بكات، نەك ئەوانی دیكە.

**٤.** لەو داستانەدا چەندین بیروباوەڕو داب و نەریت و كلتوری كوردەواریی ڕەنگیداوەتەوە و سودی لێوەرگیراوە و لەنێو ڕوداو بابەتەكانی تراژیدیاكەدا مەزرێندراون.

**٥.** كارەكتەری سەرەكی لە دۆخێكی دەرونی سەختدایە، لە هەردوو باردا باری دەرونی تەواو نییە، كاتێ كە سیستەمی باوكسالاریی پەیڕەودەكات و كوڕەكانی دوچاری مەرگەسات دەكات، هەروەها دوای ئەو كارەساتەش دوچاری دۆخێكی دەرونی سەختتر دەبێت و چۆك دادەدات و دەستبەرداری دەسەڵات و پلەو پایە و موڵك و ماڵ و وڵات و خێزان و هۆزەكەی دەبێت و سەری خۆی تامردن هەڵدەگرێت.

## ٥. لیستی سەرچاوەكان

قورئانی پیرۆز

الاستانبولی، م، مجدی، ٢٠١١، ژن و مێردی ئیسلامی بەختەوەر، و. ئەوا محمد سعید، چ٨، هەولێر، نوسینگەی تەفسیر.

الرباتی، أ، طاهر معروف، ٢٠٠٩، پیاوان و ژنان، ب ٣، سلێمانی، كتێبخانەی نارین.

الرباتی، أ، طاهر معروف، ٢٠٠٩، ئافرەت لە مێژوودا، ب ١، سلێمانی، كتێبخانەی نارین.

رەسوڵ، ح، ئەحمەد، ٢٠٠٥، كۆمەڵگەی ژن سالاری، سلێمانی، ئۆفسێتی چوارچرا.

ڕەسوڵ، ع، مستەفا، ١٩٧٩، لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، چ٢، سلێمانی، زانكۆی سلێمانی.

ڕەشید، بەختیار، ٢٠١٥، پیاو گەراییەكان(نێرینەییەكان) چین، هەولێر، گۆڤاری كولتور مەگەزین، ژمارە (٥)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

رەئوف، عەزیز، ٢٠٠٧، ئاشنابوون بە فێمینیزم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

شەوڕۆ، فازیل، ٢٠١٥، ژە پیشەوەرەكانی كۆیە، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.

عەبدولرەحمان، عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، توندو تیژی خێزانی، هەولێر، چاپخانەی ماردین.

عەبدولەقسود، محەمەد، ٢٠١١، ژن لە ئاین و چاخە جیاوازەكاندا، هەولێر، كتێبخانەی حاجی قادری كۆیی.

فریادرەس، هیوا ،٢٠١٠، ژن لە ڕۆژنامەگەریی كوردیدا، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات.

قادر، سەرۆ، ٢٠٠٩، ئافرەت كێشەیەك بەدرێژایی مێژوو، هەولێر، چاپخانەي رۆژهەڵات .

محەمەد ئەمین، زیاد، ٢٠٠٩، جوانستان، هەولێر، چاپخانەی ئاراس،

مەولود، ر، ساڵح، ٢٠١٣، پێگەی ژن لە دیدی قوبادی جەلیزادە و هەژار قەبانی، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

ناوەندی مافەكانی مرۆڤی نەتەوەیەكگرتووەكان، ٢٠٠١، مافەكانی مرۆڤ (جیاكاریی دژی ژن)، چ٢، هەولێر، چاپخانەی نازە.

هەڵەبجەیی، سامان، ٢٠١٣، گوڵستان (ژیانی ناوداران و شاعیرانی كورد)، هەڵەبجە، چاپخانەی هێڤی.

ئەحمەد، كەیفی، ٢٠١٢، ماڵە سادەكەی گەزیزە لە ماڵێكی كەلتوری و ئەسەری كۆیە نمایشكرا، سلێمانی، ئەدەب و هونەر (پاشكۆی كوردستانی نوێ)، ژمارە) ٧٨٦.(

ئەحمەد، كەیفی، ٢٠١٣، شاژنی ئافرەت و خەبات، كۆیە، گۆڤاری كەكۆن، ژ.٢٦

ئەحمەد، كەیفی،٢٠١٧، (گیانی من هاتییەوە ؟!) ڕۆمانێك هەڵقوڵاو لە كلتوری نەتەوەكەمان، هەولێر، گۆڤاری رامان، ژ (٢٣٦).

ئیمام، ع، ئیمام، ٢٠٠٨، ئەفلاتون و ئافرەت، سلێمانی، چاپخانەی كارۆ، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp33-43